دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٠٥

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ١٥ی رەشەمە ١٣٨٧ - ٥ی مارسی ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و چۆنیەتیی دەرکەوتنی کورد**

سیاسی



**٣٠ ساڵەی دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان**

کۆمەڵایەتی



**بزووتنەوەی ژنانی ئێران، راستییەکی حاشالێنەکراو**

کوردستانی



**وتووێژ لەگەڵ مەرداویج کەرەمی، چالاکی سیاسیی یارسان**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتیی خەڵکی مەریوان دا :**

# پێویستە سەرجەم هێزە کوردییەکان پشتیوانی لەو ناڕەزایەتییە بکەن

## ناڕەزایەتی خەڵك لە مەریوان بەردەوامە



**"کوردستان" ـ بەشی سیاسی:** "حەسەن قادر زادە"، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە لە لێدوانێکی تایبەتدا سەبارەت بە ناڕەزایەتیی چەند رۆژی رابردوودی خەڵکی شاری مەریوان بەرانبەر بە کردەوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو شارەو شێوەی هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان لەو بارەوە، بە"کوردستان"ی راگەیاند:" پێویستە سەرجەم هێزە کوردییەکان بە پێی ئیمکان و توانای خۆیان پشتیوانی لەو ناڕەزایەتییە بکەنو نابێ جۆرێك بجوولێینەوە کە مارکی حیزبی لەو حەرەکەتە بدەینو بەڵگە بدەینە دەستە کاربەدەستانی رێژیمی بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵك".

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی "حدك"، لە پەیوەندی لەگەڵ هۆکارەکانی ئەم ناڕەزایەتییەی خەڵکی مەریواندا ئاماژەی بەوە کرد کە کاربەدەستانی رێژیم ماوەیەکی زۆرە کە گوشاریان خستۆتە سەر دانیشتووانی ناوچەکەو بۆ پێش گرتن بە کاسبی خەڵکی دەستەنگو غەدرلێکراو سنوورەکانیان داخستوەو وتی:" ئەم کارەی رێژیم زیاتر بۆ ئەوەیە کە خەڵك بخەنە داوی پیلانەکانی خۆیانو دەیانەوێ بەو جۆرە دۆخێکی نالەبار دروست بکەنو خەڵك ناچار بکەن کە مل بۆ داواکانیان رابکێشن".

قادزادە هەروەها لە درێژەدا ئاشکرای کرد کە ئەم بابەتە هۆکاری ئەمنیەتیی لە پشتەو رێژیم پێیوایە بە داخستنی سنوورەکانو لێدانی خەندەق بە جۆرێك پێش بە نفوزی حیزبو لایەنە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی خۆی دەگرێ، لە حاڵێکدا کە ئەمە دوورە لە هەرچەشنە مەنتقو راستییەك و ئەو رێگاگەلەی کە گرتوویەتی قەت رێگای هاتوچووی ئۆپۆزسیۆن نین.

ل ٢

## لە بەردەم شەپۆلێکی دیکەی ناڕەزایەتی دا

**عەولا بەهرامی**

گوشارە جۆراوجۆرەکان و سەرکوتی رۆژانەو سیستماتیك و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە مرۆڤانەو سیاسییەکان و درێژەی سیاسەتی جیاوازیدانانی نەتەوەیی، مەزهەبی و ئابووری لەلایەن رێژیمی ئیسلامییەوە بەردەوام لەگەڵ ناڕەزایەتی و ناڕەزایەتی دەربڕینی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوو بووتەوە. نوێترین نموونەی ئەم ناڕەزایەتییانە خۆپێشاندانی جەماوەریی چەند رۆژی خەڵکی شاری مەریوانە.

ئەم خۆپێشاندانە ناڕازییانەیە لەگەڵ ئەوەی وەك زۆربەی خۆپێشاندانەکانی پێشوو لەو بەستێنە ناڕەزایەتیخولقێنەوە کە باسی کرا سەرچاوەدەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بۆ هێندێك بەستێنی نوێترش دەگەڕیتەوە. بەستێنگەلێك کە لە راستی دەوری کاتالیزۆرێك لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان دا دەبینن. ئەگەر بمانەوێ بۆ هۆکارە خێراییبەخشەکانی ئەم خۆپێشاندانە بگەڕێیننەوە بەکورتی دەتوانین ئاماژە بەو دروشمانەبکەین کە لەم خۆپێشاندانەدا بەرزکراوانەتەوە، کە کردنەوەی سنوورەکان و رێگەدان بە کاسبکارانی سەرسنوور بۆ درێژەدان بەکار و کاسبی، دژایەتی لەگەڵ حوکمی ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنووسانی کورد و.... ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەم باوەڕە کە خۆپێشاندانی ئەمجارەی خەڵکی مەریوان لە راستی دا دژکردەوەیەکە بە توندوتر بوونی سیاسەتی سەرکوت و پێشێلکاریی بێبەزەییانەتری مافەکانی مرۆڤی کورد و تەنانەت وشك کردنی تەنیا سەرچاوەی بژیوی خەڵکێك کە بە هۆی درێژەی سیاسەتی جیاوازیدانانی ئابووری لە کوردستان هیچ دەرەتانێکیان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان نیە بەپێی زانیارییەکان هەر دووکی ئەم هۆکارانەی باسیان کرا نەك تەنیا لە مەریوان بەڵکوو لە زۆربەی شارو ناوەندە حەشیمەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەستێنی ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی بەرینیان دروست کردوە. کەواتە دەتوانین بڵێین درێژەی سیاسەتی داخستنی سنوورەکان و بڕینی دەرەتانی خۆژیاندن لە دەیان هەزار کاسبکاری سەرسنوور و هەروەها جێبەجێ کرانی حوکمی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی مەحکوم بە ئیعدام، هەرکامەیان دەتوانێ وەك چەخماخەی هەڵگیراسانی ئاگری ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان چاویان لێ بکرێ. هەموو ئەم راستییانە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم شەپۆلێکی بەرینی ناڕەزایەتی دەربڕین دایە. بوونی بەستێنێکی ئاوا بەرهەست بۆ وەرێکەوتنی شەپۆلی ناڕەزایەتی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی ئەگەر لەلایەك وەك رابردوو چاوەڕوانی دژکردەوەی سەرکوتکەرانەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمی ئیسلامیی لێ دەکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسیارێتییەکیش دەخاتە ئەستۆی رێکخراوە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسیی کوردستان. ئەم بەرپرسیارێتییەش ئەوەیە کە بەهەموو لایەك زۆر لێبڕاوانەتر بۆ هەرچی ئامانجدارتر کردن و بەرفراوان کردن و بەرێکخستن کردنی ئەم ناڕەزایەتییانەو گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان هەوڵ بدەن. ئەمەش تەنیا رێگایەکە کە بەهۆیەوە دەتوانین رێژیم ناچار بەملکەچ کردن وڵامدانەوە بە داوای خەڵکی ناڕازی بکەین و لەوەش گرنگتر رێگە نەدەین دەستی رێژیم وەك رابردوو لە سەرکوتی دڕندانەی خەڵك دا ئاوەڵا بێ.

**سپای پاسداران لە ژێر ناوی "چالاکیی فەرهەنگی"دا**

# دژی گەلی کورد پیلانگێڕی دەکا

**"کوردستان" ـ بەشی سیاسی** : لە چەند رۆژی رابردوودا ئاژانسی هەواڵی فارس نیوز هەواڵێکی سەبارەت بە قسەکانی ئاخوند "موحسینی حەیدەریان" نوێنەریخامنەیی لە سپای "بیت المقدس"ی کوردستان بڵاو کردوە کە لەودا ناوبراو رایگەیاندوە بڕیارە سپا لە شارەکانی کوردستان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی رێژیم لەو ناوچەیە هێندێك بنکەی فەرهەنگی بکاتەوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو وەدەست "کوردستان" کەوتوون، ئەو قسانەی ئاخوند حەیدەریان لە کۆبوونەوەی بەسیجی خوێندکاریی زانکۆکانی پارێزگاری سنە کردوویەتی، تەنیا بەشێکی رووکەشە لە پیلانێکی گەورە کە بڕیارە سپا لە کوردستان بەڕێوەی ببا.

زانیارییەکان ئاشکرای دەکەن کە سپا بە مەبەستی لاوازکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت لاوان بە پێشنیاری نوێنەری خامنەیی لە پارێزگاری سنە لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی بەرپرسە پایەبەرزەکانی سپا لە پارێزگاکانی کرماشان، سنەو ورمێ، بەرپرسانی بەشی فەرهەنگیی سپا لەو پارێزگایانە و هەروەها چەند بەرپرسێکی ئیتلاعات بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیە کە یەکەم کۆبوونەوە لە زنجیرە کۆبوونەوەکانی سێ مانگی رابردوو بوو، لە سەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە گرووپێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە لە کارناسە پایەبەرزەکانی ئیتلاعات و سپا لە کوردستان و هەروەها چەند راوێژکارێکی فەرهەنگیی سپا لە تاران پێك بێنن. ئەم گرووپە پاش چەند کۆبوونەوە لە تاران و سنە و کرماشان گەڵاڵەیەکیان ئامادە کردوە کە لەودا پێشنیار کراوە، دەبێ سپاو ئۆرگانەکانی دیکە شان بە شانی پەرەپێدانی سیستمی بەکرێگیراوێتی، هەر چەشنە چالاکییەکی فەرهەنگی لە کوردستان کۆنترۆڵ بکا و چالاکییە فەرهەنگییەکان لە لایەن خودی ئەم ئۆرگانەوە بەڕێوەببرێن.

ل٢

**چالاکێکی شاری سنە :**

# ئەگەر فەرزاد کەمانگەر ئیعدام بکرێ، خەڵکی کوردستان خۆپێشاندان دەکەن




پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵێك لە سەر ئەگەری بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر، شەپۆلێك لە نیگەرانی و ناڕەزایەتی کوردستانی داگرتوە.

لەمبارەیەوە چالاکێکی سیاسی دانیشتووی شاری سنە کە ناوەکەی لای پارێزراوە، رایگەیاند کە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە خەڵکی شاری سنەو بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی و چالاکانی مافی مرۆڤی زۆر تووڕەو نیگەران کردوەو پێش بینی دەکرێ کە ئەگەر حوکمی ئیعدامی فەرزاد جێبەجێ بکرێ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی زۆر بەربڵاو دژی حکوومەت لە سنە بەڕێوە بچێ، و تەنانەت هەموو شارەکانی کوردستان بگرێتەوە.

ئەو چالاکە سیاسییە لە درێژە دا وتی کە خەڵکی کورد ئێستا زۆر لە رابردوو وشیارترن و ئێستا لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن حکوومەتەوە زۆر تووڕەن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن کە تووڕەیی خۆیان نیشانی حکوومەت و رای گشتیی ئێران و جیهان بدەن.

ئەو چالاکە سیاسییە هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی " کوردستان و کوردنیوز" کە ئایا هیچ هەوڵێك لە ئارا دایە کە لە شاری سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی بۆ بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی کەمانگەرو مەحکووم بە ئیعدامەکانی دیکە بەڕێوە بچێ؟ وتی: وەکوو رێکخستن تا ئێستا هیچ هەوڵێکی وا لە ئارادا نەبووەو یان شایەد من ئاگاداری ئەوە نەبم، بەڵام وەکوو پێشنیار لە نێو کۆڕو کۆمەڵەکان دا ئەو باسە وروژاوەو پێش بینی دەکرێ کە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدرێ. ئەو هەروەها وتی: بۆ پاشەکشەکردن بە حکوومەت و بۆ وریاکردنەوەی حکوومەت بۆ ئەوەی کۆتایی بە پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان بێنێ، پێویستە بەر لەوەی مافەکانمان پێشێل بکرێ هەڵوێستی پێویستمان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستەش چالاکانی مەدەنی و سیاسی دەبێ پێشەنگ بن و هەروەها حیزبەکان پێویستە ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە خەڵکی کامیاران رایانگەیاندوە کە ئەگەر فەرزاد کەمانگەر ئیعدام بکرێ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دەڕژێنە سەر شەقامەکان و پێش بینی دەکرێ ناڕەزاییەتی لەم چەشنە هەموو شارەکانی کوردستان بگرێتەوە.

دریژەی

# ناڕەزایەتیی خەڵك لە مەریوان بەردەوامە

بەرپرسی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە جەختی لەسەر هاوکاری و پشتگیریی هەمەلایەنەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا کردەوەو وتی:" ئێمە وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە هیچ چەشنە هەوڵێك لەو پێناوەدا دریغی ناکەین و ئەو ناڕەزایەتییانەی خەڵك بە دژکردەوەیەك بەرانبەر بە کردەوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەزانین".

چالاکێکی سیاسی کە ناوەکەی لای کوردستان پارێزراوە لە مەریوانەوە لەمەڕ هەڵوێستی حیزبەکان لەو پەیوەندییەدا پێیڕاگەیاندین:" هەندێ حیزب و لایەنی سیاسی لە هەوڵی ئەوە دان کە مۆرکی حیزبی لەم حەرکەتە بدەن و خۆیان بە ڕێکخەری ئەو حەرکەتە لە قەڵەم دەدەن، ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە نەتەنیا یارمەتی بەرەوپێشچوونی ئەو حەرکەتە ناکا، بەڵکوو بە زەرەری تەواو دەبێ، چونکە لە واقیعدا ئەوە ناچێتە چوارچێوەی هەڵوێستێکی سیاسیی بەرپرسیارانەوەو هیوادارم حیزبەکان لەو پەیوەندییەدا بە وردبینیی زیاترەوە بجووڵێنەوە".

### لە مەریوان ناڕەزایەتی دەربڕین بەردەوامە

ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی شاری مەریوان دژ بە داخستنی سنوورەکان تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە، پێی نایە سێیەمین ڕۆژی خۆیەوە.

ڕۆژی چواشەممە (١٤ی ڕەشەمە) خەڵکی شاری مەریوان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و هاتنەوە سەر شەقامەکان و دژی داخستنی سنوورەکان و هەڵوێستی هێزەکانی ڕێژیم دژی کاسبکارانی سەر سنوورەکان دریژەیان بە ناڕەزایەتی دایەوە. بە پێی ئەم هەواڵە خەڵکی ناڕازیی مەریوان تووڕەتر لە ڕۆژای پێشوو فەرمانداری ئەم شارە و ئۆرگان و دامودەزگا پێوەندیدارەکانیان ئاگادارکردوەتەوە ئەگەر وەڵامی داخوازەکانیان نەدەنەوە هەروا دریژە بە خۆپێشاندان دەدەن.

لەمبارەیەوە هەواڵنێری"کوردستان و کوردنیوز" لە شاری مەریوان ڕاگەیاند کە ڕێژیم هێزێکی زۆری هێناوەتە ناوچەکە و تەنانەت لە کرماشانەوە هێزی تایبەت بە سەرکوتی سەرهەڵدانەکانی هێناوەتە شاری مەریوان.

شایانی باسە کە ڕۆژی دووشەممە(١٢ی ڕەشەمە) لە ڕێپێوانێکی هێمنانەدا خەڵکی شاری مەریوان وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە داخستنی سنوورەکان و پێشگیری لە کاری کاسبکاران لە یادداشتێك دا داوایان لە فەرمانداری شار کردبوو کە ئەگەر تا ٤٨ کاتژمێر سنوورەکانیان بۆ نەکەنەوە وێڕای دریژەدان بە ناڕەزایەتیدەربڕینەکانیان شێوازی دیکەی دەگرنەبەر.

### خەڵکی شاری مەریوان بەشداریی لە نوێژی هەینی دا ناکەن

خەڵکی شاری مەریوان لە سێبەم ڕۆژی مانگرتنی سەرانسەریی خۆیان دا ڕایاندگەیاندوە کە تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو دریژە بە مانگرتنەکەیان دەدەن و ڕۆژی هەینیش بەشداریی لە نوێژی گشتی دا ناکەن.

شایانی باسە کاربەدەستانی شاری مەریوان داوایان لە کاربەدەستانی ڕێژیم لە پارێزگای سنە کردوە کە بە جۆرێك هەوڵ بۆ ڕازی کردنی خەڵك بدەن، بەڵام کاربەدەستانی پارێزگای سنە لە وڵام دا وێڕای سووکایەتی بە خەڵکی شاری مەریوان ڕایانگەیاندوە کە وڵامیان نادەنەوەو بە پێی زانیارییەکان وێدەچێ وەك هەمیشە ڕێگای سەرکوتی خەڵك بگرنەبەر. بە پێی ئەم هەواڵە تا ئێستا ٦ کەس لە خۆپێشاندەران گیراون کە ناوی یەکێکیان ڕەفیق محەمەدییە.

### شارەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانی لە خەڵکی مەریوان دەکەن

بە پێی دوایین زانیارییەکان بە مەبەستی بە هاناوەچوونی خەڵکی شاری مەریوان، خەڵکی هێندێك لە شارەکان دیکەی وەك سنەو سەقزو بۆکان دەیانەوێ بۆ پشتیوانی لە هاونیشتمانانیان لەم شارە هەڵوێست بگرن ناڕەزایەتی دەربڕن. کاربەدەستای ڕێژیم بۆ ڕێگەگرتن لە بەشداریی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا هاتوچۆی خەڵکی شارەکانی دیکەیان بۆ مەریوان بە توندی لە ژێر چاودەێری خستوەو تەنانەت لە هێندێك لە شارەکان ڕێگایان لە چوونی مسافیر بۆ ئەم شارە گرتوە.

# چالاکیی تێکۆشەرانی حیزب لە شاری بانە




کۆمیسۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە شەوی ٧ لە سەر ٨ی ڕەشەمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بانە بە شێوەیەکی کەم وێنە چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی حیزب لەم چالاکییەدا بەسەدان نوسخە لە بڵاوکراوەکانی حیزبی وەك ڕۆژنامەی کوردستان، بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب، گۆڤاری ژنان، گۆڤاری لاوان و بە هەزاران تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و هەروەها شەهیدانی تازەی حیزبیان بڵاو کردەوە.

ئەم چالاکییەی تێکۆشەرانی حیزب لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەروەری بانەوە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم ڕووبەروو بووەوە و لە هەمان کاتدا بەرپرسانی ڕێژیمی تووڕەو نیگەران کردوە. بەپێی ئەم هەواڵە هێزەکانی ڕێژیم ڕۆژی دواتر بە بڕیاری فەماندار بە نێو شاردا بە شێوەیەکی نائاسایی خولاونەتەوەو جمووجۆڵی خەڵکیان لە ژێر چاوەدێری گرتوە.

بەشێك لەو شوێنانەی کە چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە:

پاساژەکانی میلان، مروارید، کامبیز، نوور، سادقی، مەعرووفی، ئەڵماس، شادی، سەدەف، خدری، جەلالی، ماد، نەویدی، بلوور، شافعی و ... شەقامی ئاتەش نیشانی، گاراژی چۆمان، پردی وسان ئاباد، کووچە و مەدرەسەی حیجاب، شەقامی بیمارستان، فەلەکەی جەهاد، بانە کۆن، دەوروبەری مزگەوتی سەیدی، مزگەوتی خان، بلواری سەقز، حاجی وەیسی، فەلەکەی مروەتی، مزگەوتی جامیعە و دەوروبەری و ...

## به بۆنەی ڕۆژی "زمانی زگماکی"

# خوێندکارانی کورد ڕێوڕەسمێکیان لە زانکۆی تاران بەڕێوە برد

ڕۆژی ٥ی ڕەشەمە کۆمەڵێك لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی تاران بە هاوکاریی خوێندکارانی بەلووچ بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی "زمانی زگماکی" ڕێوڕەسمێکیان لە بەردەم کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی تاران، بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەڕێوەبرد.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکردو دواتر چەند خوێندکاری کورد وتاریان پێشکەش کردو لە وتەکانیان دا ئاماژەیان بە گرنگیی زمانی زگماکی و ئاسمیلەکردنی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران لە لایەن دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە خوێندکارێك بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی دیموکراسیخوازی زانکۆی تاران وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کردو ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لە پێناو وەدیهاتنی مافی نەتەوایەتییان دا کردوویانە.

شایانی باسە کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەیاننامەی ڕێکخراوی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستانیش خوێندرایەوە.

دریژەی

# سپای پاسداران لە ژێر ناوی "چالاکیی فەرهەنگی" دژی گەلی کورد پیلانگێڕی دەکا

بە پێی وتەکانی ئەو سەرچاوەیە لە گەڵاڵەکەدا ڕەخنە لە سیاسەتی پێشووی ڕێژیم بە تایبەتی لە سەردەمی خاتەمی لە کوردستان گیراوەو هاتووە کە کەسانی جیاییخوازو سەر بە گرووپە نەیارەکانی کورد توانیویانە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکان دا پەرە بە بیروبۆچوونی جیاییخوازانە بدەن. هەر بۆیە دەبێ بەشی فەرهەنگیی سپا بە هاوکاریی ئیتلاعات پێش بە دەرچوونی هەر چەشنە بڵاوکراوەیەکی کوردی بگرێ کە لە لایەن کەسانی سەربەخۆو یان ڕیفۆرمخوازەکانەوە بەڕێوەبرێن. لە گەڵاڵەکەدا هەروەها ئاماژە بە سیاسەتە فەرهەنگییەکانی ڕێژیمی بەعس لە کاتی خۆیدا سەبارەت بە باشووری کوردستان کراوەو هاتووە کە دەبێ کۆماری ئیسلامی وەکوو ئۆلگوویەك لەو سیاسەتە کەڵك وەرگرێ، بە چەشنێك کە بە هۆی تامەزرۆییەك کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی هەیە، ئیجازە بدرێ کە ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ بکرێ بەڵام بەو تێبینییەوە کە دەبێ هەموویان لە لایەن بەشی فەرهەنگیی سپای پاسدارانەوە بەڕێوەببرێن بۆ ئەوەیکە هیچ دژە شۆڕشێك نەتوانێ بیروباوەڕی جیایخوازانە بڵاوبکاتەوەو ئەو بڵاوکراوانە نەبنە تریبونێك بۆ پەرەپێدانی ئەدەبیات و کولتووری ڕەسەنی کوردی.

لەو بەشە لە گەڵاڵەکەدا ئاماژە بە گۆڤارەکانی ئاوێنەو بە تایبەت سروە کراوەو وەکوو نموونەیەکی شکستخواردووی سیاسەتی فەرهەنگیی ڕێژیم لە ڕابردوودا باسی لێ کراوە، بە جۆرێك کە ئەم گۆڤارانە نە تەنیا بە ئاراستەی بەرژەوەندییە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی دا نەڕۆیشتوون،بەڵکوو ئاکامی تەواو پێچەوانەیان هەبووەو وەك زۆر لە کوردەکان دەڵێن خەڵکێکی زۆر لە ڕێگای ئەم گۆڤارانەوە فێری نووسین و خوێندنی کوردی بوون. ئێستا کەم لاو هەیە خوێندن و نووسین بە کوردی نەزانێ.

هەر سەبارەت بەو گەڵاڵەیەی سپا، هەمان سەرچاوە پێی ڕاگەیاندین کە بەشی فەرهەنگیی سپا دەبێ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی هاوئاهەنگی بکاو چی دیکە ئیجازە نەدرێ کە لە ڕادیۆو تلویزیۆن زمانی ڕەسەنی کوردی کەڵکی وەرگیرێ و لەمبارەوە هێندێك بەرنامەی تلویزیۆنی لە تلویزیۆنەکانی سنەو کرماشان کە زمانی کوردی و فارسی لێك نزیك دەکەنەوەو گاڵتە بە فەرهەنگی کورد دەکەن وەکوو نموونەی سەرکەوتووی کاری فەرهەنگی ئاماژەی پێ کراوە. هەربۆیە باس لەوە کراوە دەبێ جارێکی دیکە دامەزراندنی کارمەندانی کورد بۆ دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی چاوخشاندنی تێدا بکرێ.

# گرووپێکی توندڕەوی ڕێژیم لە کرماشان هەڕەشە لە چالاکانی مەدەنی دەکا

گرووپی ئەنساری هەرێمی کرماشان لە بەیاننامەیەك دا هەڕەشە لە چالاکان و ڕۆژنامەنووسان دەکاو بە دژەشۆڕشیان ناودێر دەکا.

گرووپی ئەنساری هەرێمی کرماشان لە بەیاننامەیەك دا بە ئاشکرا هەڕەشە لە چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان دەکا. ئەم گرووپە لە بەیاننامەکەی دا ئاماژەیان بەوە داوە کە لە کرماشان هێندێك جمووجوڵی جێی گومان و پێوەندیدار بە حیزب و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە ئارا دایە، هەر بۆیە دەبێ پێش بە چالاکییان بگیرێ.

ماڵپەڕی "کرماشان پۆست" وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە بڵاوی کردەوە کە ئەم گرووپە سەر بە ڕێژیمەو لە بەیاننامەکەیان دا وێڕای هەڕەشە کردن لە هاونیشتمانانی ئازادیخوازی کرماشان، داوایان لە بەرپرسانی ڕێژیم لەو شارە کردووە کە وێڕای پێشگیری لە نفووزی حیزب و لایەنە بەرهەڵستکارەکان پێش بەو کەسانەش بگرن کە بە ناوی ڕیفۆرمخوازەوە جمووجوڵیان هەیە.

# بەندکراوێکی سیاسیی کورد گیانی لە مەترسی دایە



بەندکراوێکی کورد بە ناوی عەبدولواحید لە زیندانی ورمێ بە هۆی نەخۆشی و پێڕانەگەیشتنی پزیشکییەوە گیانی لە مەترسی دایە.

بە پێی هەواڵێك کە ناوەندی هەواڵی " کوردستان و کوردنیوز" بڵاوی کردۆتەوە، بەندکراوێکی کورد بە ناوی عەبدولواحید، کوڕی مام فارس، خەڵکی ئاوایی دزێی ناوچەی مەرگەوەڕ بە هۆی تووش بوونی بە نەخۆشی ئانمی ( کەم خوێنی) گیانی لە مەترسی دایەو کاربەدەستانی زیندانی ورمێ ئیزنی پێڕاگەیشتنی پزیشکی پێ نادەن.

کەسێکی نزیك لە بنەماڵەی عەبدولواحید بە هەمان سەرچاوەی ڕاگەیاندووە کە بنەماڵەی ناوبراو تا ئێستا چەند جارێك هەوڵیان داوە کوڕەکەیان ببینن و بۆ چارەسەرکردنی هەوڵ بدەن، بەڵام لە لایەن کاربەدەستانی زیندانەوە ئیزنیان پێ نەدراوە.

شایانی باسە کە عەبدولواحید ماوەیەك لەمەوپێش بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسییەکان دەسبەسەر کراو پاشان لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری ورمێوە حوکمی ٢ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا.

# دەورەی ١٨٦ی سەرەتایی پەروەردەی پێشمەرگە کۆتایی هات







ڕۆژی دووشەممە، ٥ی ڕەشەممە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٨٦ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداریی ئەندامانی دەورەو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن بەشدارانی دەورەی ١٨٦ەوە دەستی پێ کرد. نمایشی ڕەزمی و ڕێژەی نیزامی بەشێکی دیکە لە بەرنامەی ڕێوڕەسمەکە بوو. پاشان بەڕێز مستەفا مەعرووفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

مستەفا مەعرووفی لە سەرەتای وتەکانی دا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشدارانی دەورەی ١٨٦، ئاماژەی بەوەدا کە، ئەمڕۆ مەیدانی سیاسی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی گۆڕەپانی بەرەوڕوو بوونەوەی ڕێژیم و لاوانە و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە دڵخوازی ئەم نەسڵە نیەو پەیامێکی بۆ نەسڵی ئەمڕۆ پێ نیەو "تاریخ مەسرەف"ی بەسەر چووە.

مەعرووفی لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ڕایگەیاند کە، ڕێژیم ٣٠ ساڵی تەواوە کە دژایەتی بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاو هەوڵ دەدات کە ئەم ڕێبازە لە بیرو زەینی خەڵکی کوردستانی بشواتەوە، بەڵام بەو حاڵەش لاوان پۆل پۆل و دەستە دەستە بە ریزی خەباتی پێشمەرگانە پەیوەست دەبن و ئەمەش نیشانەی گەشەکردن و پێگەیشتنی بیری نەتەوەییەو ئاسۆیەکی ڕوون و پڕشەنگداری تێدا بەدی دەکرێ.

دوابەدوی وتەکانی مستەفا مەعرووفی، پەیامی بەشی ئامووزشی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە کراو دواتر پەیامی دەورەی ١٨٦ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن سۆران نووری، یەکێك لە بەشدارانی دەورە خوێندرایەوە.

نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە چەندین گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕی بەشدارانی دەورەی لەخۆ گرتبوو.

لە دوایین برگەکانی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن فێرگەوە خەڵات بە سەر بەشداربووانی هەرە سەرکەوتوودا دابەش کراو بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە لە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوڕان و کچانی دیموکرات پێك هات.

# نهێنیی خۆکوشتنی یۆنس سەنجابی لە زیندان ئاشکرا دەبێ

**پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆکوشتنی یۆنس سەنجابی، نهێنی خۆکوشتنی ناوبراو لە زیندانی هەشتروود ئاشکرا دەبێ.**



بە پێی دوایین زانیارییەکان یۆنس سەنجابی شەوی ٢٧ لە سەر ٢٨ی ڕێبەندان، کاتژمێر ٢ی نیوەشەو بە تەلەفوون پێوەندی بە بنەماڵەکەیەوە دەگرێ و پێیان ڕادەگەیەنێ کە لە لایەن دوو کەس لە زیندانوانانەوە سووکایەتی پێ دەکرێ و ئەگەر بە زووترین کات ئازاد نەکرێ، ئەوە خۆی دەکووژێ.

پاش ئەم پێوەندییەی یۆنس بە بنەماڵەکەیەوە، دایکی ناوبراو هەر هەمان شەو لە ڕێگەی تەلەفوونەوە پێوەندی بە بەرپرسانی زیندانەوە دەگرێ و لەم هەڵوێستەی کوڕەکەی ئاگاداریان دەکاتەوەو وریایان دەکاتەوە کە دەبێ بە هەر شێوەیەك بووبێ بەر بە خۆکوشتنی کوڕەکەیان بگرن. بەڵام کاتژمێر ٥:٤٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی بەرپرسانی زیندان پێوەندی بە بنەماڵەکەیانەوە دەگرن و پێیان ڕادەگەیەنن کە یۆنس خۆی کوشتووە.

دوایی بیستنی ئەم هەواڵە بنەماڵەی یۆنس بە پەلە خۆیان دەگەیەننە زیندانی هەشترووود، بەڵام لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە ئیجازەی چوونە ژوورەیان پێ نادرێ. دواتر پاش پێداگری لە سەر ڕوون بوونەوەی هۆکاری خۆکوشتنی یۆنس، بەرپرسانی زیندان فیلمی چۆنیەتی خۆکوشتنەکەیان نیشان دەدەن.

فیلمەکە هەموو ڕووداوەکانی ئەو شەوە لە دەرگیربوونی یۆنس لەگەڵ دوو زیندانوانەکەوە تا ئەو کاتەی کە ناوبراو دەچێتە توالێت و خۆی دەکووژێ، تێدایە. بە پێی ئەو زانیارییانەی دەست بنەماڵەکەی کەوتوون کوڕەکەیان لە توالێت بە سیمی کارەبا خۆی هەڵواسیوە، بەڵام ئەو وێنانەی کە لە تەرمەکەی بڵاو بوونەتەوە ئاسەواری ئەشکەنجەیەکی زۆر بە سەر جەستەیەوە دیارە.

بە پێی دوایین زانیارییەکان لەم پیوەندییەدا بنەماڵەی یۆنس سکاڵایان لە سەر بەرپرسانی زیندانی هەشتروود تۆمار کردووەو داوای ڕوون کردنەوەیان کردووە کە بۆ لە نێو توالێت دا سیمی کارەباو ئیمکانی خۆکوشتنی هەیە؟ بۆ لەنێو هەموو ژوورەکانی زیندان دووربینی مەداربەستە بۆ چاوەدێری کردنی بەندییەکان هەیە بەڵام لە توالێت دا دووربین نیە؟ بۆچی پاش ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لە هەڵوێستی یۆنس لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە ئەو شەوە هیچ چاوەدێرییەکیان نەکردووە، ئەمە لە کاتێك دایە کە بەرپرسانی زیندان خۆیان دەیانزانی کە ئەو زیندانییە لە رووی دەروونییەوە چەند ڕۆژێکە لە دۆخێکی خراپ دایە؟

بۆچی بەرپرسانی زیندان تا ئێستا لێپێچینەوەیان لەو دوو زیندانوانانە نەکردووە کە ئەو شەوە لەگەڵ یۆنس دەرگیر بوون؟ بە پێی ئاسەوارەکانی جێگەی ئەشکەنجە کە لە سەر جەستەی یۆنس دەبینرێ، دیارە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەشکەنجە کراوە، بۆ لە کاتێك دا کە دەیانزانی باری دەروونی خراپە ئەشکەنجەیان داوەو سووکایەتییان پێ کردووە؟

# کرماشان: ڕۆژانە ١٤ ژن بەهۆی خۆسووتاندنەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن

نەخۆشخانەیەکی کرماشان ڕۆژانە ٢٠ نەخۆشی سووتاو وەردەگرێ کە ٧٠ لە سەدی نەخۆشەکان لەو ژنانە پێك دێ کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە.

بە پێی ڕاپۆرتێك کە لە ماڵپەڕی "گۆڕان بۆ یەکسانی" بڵاو بۆتەوە، نەخۆشخانەیەکی کرماشان بە شێوەی نێونجی ڕۆژانە ٢٠ نەخۆشی سووتاو وەردەگرێ. بەی پێی ئەم ڕاپۆرتە ٢٠٪ی نەخۆشەکان پیاوو منداڵن کە زۆریان بە هۆی ڕووداو یان پێکدادانی ئۆتۆمبیلەوە سووتاون و ١٠٪ی نەخۆشەکان لەو ژنانەن کە بە هۆی ڕووداو یان پێکدادانی ئۆتۆمبیلەوە سووتاون. بەڵام بەشی زۆری واتە ٧٠٪ی نەخۆشەکان لەو ژنانە پێك دێن کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیی و گیروگرفتی بنەماڵەییەوە ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکا کە بەشێك لەو ژنانەی خۆیان سووتاندووە لە تەمەنی ٤٠ تا ٨٠ ساڵی دان کە بە هۆی هەژاری و شەڕو ئاژاوەی نێو بنەماڵەکانەوە بووە، بەڵام هۆکاری خۆسووتاندنی ژنە لاوەکان زیاتر بۆ بواری خۆشەویستی و سۆزداری دەگەڕێتەوە. ئەو ژنانە لە لایەن کەس و کاریانەوە فشاریان خراوەتە سەرو مافی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەریان لێ زەوت کراوە.

ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکا کە لە سەراسەری پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران دا نەخۆشخانەی تایبەت بە سووتان نیەو لە کرماشان تەنیا لە نەخۆشخانەیەك دا بەشێك تایبەت بەو نەخۆشیەوە کراوەتەوە. نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەی کرماشان لە پارێزگاکانی ئیلام و لورستان و کرماشان پێك دێن.

# زیندانییەکی ئەهلی حەق لە سێدارە درا

## بەندکراوێکی "ئەهلی حەق"دوای چوار ساڵ زیندانی ڕۆژی، ١٠ی ڕەشەمە لە زیندانی ورمێ لە سێدارە درا.

"مێهدی قاسم زادە" هاوڕێ کە لەگەڵ سێ کەسی دیکە لە ڕەزبەری ساڵی١٣٨٣ی هەتاوییەوە لە ئاکامی شەڕوتێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم لە گوندی"ئووج تەپە"ی سەر بە میاندواو بە برینداری دەستگیر کرا، ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمە دوای ٤ ساڵ زیندانی، لە بەندیخانەی ورمێ لە سێدارە درا.

لەو پێوەندییەدا چالاکانی مافی مرۆڤ وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە بڵاویان کردەوە کە، سێ تۆمەتبار کراوەکەی دیکەش بە ناوەکانی"سەهەندعەلی محەممەدی"، "بەخشعەلی محەممەدی"و "عیبادوڵڵا قاسم زادە" کە بە ئێعدام حوکم درابوون، حوکمی هەر کامیان بۆ ١٣ ساڵ زیندانی کەم کراوەتەوەو ئێستاش لە بەندیخانەی ورمێ دان.

# یازدە کەس لە کرماشان لە سێدارە دران

سەرۆکی دادگوستەری کرماشان ڕایگەیاند کە یازدە زیندانی ڕۆژی ١٠ ڕەشەمە لە سێدارە دراون.

مەلەکشاهی سەرۆکی دادگوستەری کرماشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا ڕایگەیاند کە ١١ کەس لە سێدارە دراون. ناوبراوو ئاماژەی بە ناو و جۆری تاوانی ئێعدام کراوەکان نەکرد. بەڵام هۆکاری بەرز بوونی ڕێژەی تاوانی لە کرماشان بۆ جۆراوجۆری ئاینی لەو شارە گەڕاندەوە و وتی: کرماشان شاری حەفتاودوو میللەتە، خۆزگە هەموو خەڵکی کرماشان شیعە بوونایە، چوونکە ئەوکات کۆنترۆڵ کردنی ئەو شارە ئەوەندە سەخت نەدەبوو و ڕێژەی تاوان لەو شارەدا ئەوەندە بەرز نەدەبوو.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئێعدامی ئەو ١١ کەسە، هەواڵنێرمان لە کرماشانەوە پێی ڕاگەیاندین کە ئەگەرچی تا ئێستا بە ڕەسمی جۆری تاوانی ئێعدام کراوەکان ڕانەگەیەنراوە، بەڵام بە پێی دوا زانیارییەکان زۆربەیان تاوانی کۆمەڵایەتیان هەبووە و لە چەند نموونەدا مامۆستایانی ئاینی و خەڵك داوایان کردووە کە نابێ لە گۆڕستانی گشتی شاردا بنێژرێن.

هەروەها سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سەبارەت بە یەکێك لە ئێعدام کراوەکان بە ناوی غەفار کەرەمی پێی ڕاگەیاندین کە ناوبراو پێشتر بەکرێگیراوی ڕێژیم بووە و دەستی لە زۆر جینایەت بە دژی خەڵك و بزوتنەوەی کوردستان دا هەبووە و وەکوو بکوژی ٤ پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناسراوە. کەسی ئاماژە پێکراو بە هۆی کێشە لە گەڵ چەند بەرپرسێکی سوپا و ئیتلاعات کە بەیەکەوە مادەی هۆشبەریان لە نێو خەڵك دا بڵاو دەکردەوە، دەسبەسەرکراوە و لە زیندان هەڕەشەی ئاشکرا کردنی ناوی ئەو بەرپرسانەی ڕێژیمی کردووە کە بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە دەکەن، هەربۆیە حوکمی ئێعدامی بۆ بڕاوەتەوە.

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و چۆنیەتیی دەرکەوتنی کورد

سمایل شەڕەفی



هەرچەند ئاراستەی بیرکردنەوەکانی قۆڵ و لایەنە نێوخۆییەکان و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات(سەرانسەری و کوردستانی) لە سەر هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێران دا بە تەواوەتی بیچمی نەگرتووە و هەڵوێستی یەکلاییکەرەوە دەرنەبڕاوە، بەڵام بە پێچەوانەی جاران و هەڵبژاردنەکانی پێشوو، فەزای تەبلیغاتیی ئەم دەورەیە لە چاو دەورەکانی دیکە زووتر دەستی پێکردوە. ئەمەش لە خۆی دا هەڵگری چەند پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرینگە بۆ کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان. لێرەدا بە ئاوڕدانەوەیەك لەو پەیامانە، هەڵوێستەیەك لە سەر ئەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران دا دەکەین.

دوای ئەوەیکە نزیکەی دوو مانگ لەوەپێش تەیفی "ڕێفۆرمخوازان" باسیان لە هەڵبژارنەکانی سەرکۆماری و کاندیداکانی داهاتوو کرد، عەلی خامنەیی، ڕێبەری نیزام بە هەڕەشە ڕایگەیاند کە "هێندێك کەس دەیانەوێ بەم کارانەیان دەوڵەت بخەنە ژێر پرسیارو زەینی خەڵك بشێوێنن". بەڵام وەك دیتمان ئەم هەڕەشانە جێیان نەگرت و فەزای تەبلیغاتی بەتایبەت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە زووتر لە جاران خۆی دەرخست.

زوو دەسبەکاربوونی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیی دۆینێ و ڕێفۆرمخوازانی بێدەسەڵاتی ئەمڕۆ، بە قەولی خۆیان بەرهەمی فشاری لایەنەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوو کە دەکرێ بڵێین ترسێکی شاراوەی خستبووە دڵی ڕێفۆرمخوازانەوەو هانی دان بە ئامادەکارییەکی تازەوەو بێنەوە مەیدانەوە. هەر بۆیە ئەو توێژەی بە خۆیان دەڵێن ڕووناکبیرانی ڕێفۆرمخواز داوایان لە خاتەمی کرد کە وڵامی ئەرێنییان بداتەوەو بۆ جاری سێیەم خۆی کاندیدا بکاتەوە. جگە لەمە جەماوەری تووڕەو ناڕازیی کۆمەڵگە کە هۆشیارانەتر لە جاران چاوەدێری بارودۆخەکە دەکا، ئەم ترسەیان نەتەنیا خستە دڵی ڕێفۆرمخوازانەوە بەڵکوو لایەنی توندڕەوی سەر بە ئەحمەدینژادیشەوە ناچار بە خۆ تەیارکردنیان کرد.بۆیە ئێستا بەپێچەوانەی هەڕەشەکانی خامنەیی، ئێستا هەمووان لە مەیدانەکە دان.

بە گشتی ئەگەر نەچینە نێو وردەکارییە ڕۆژانەکانی ئەم فەزایەوەو تەنیا ئاوڕێکی کورت لە کاری ئێستای لایەنەکانی نێو مەیدانەکە (بە هەردووی بەرەی خاتەمی و ئەحمەدینژادەوە) بدەینەوە، دەکرێ بڵێین ڕاوێژکاران و "موهەندیسینی" ستادەکان سەرقاڵی کلاسەکردنی دروشمەکان و لە هەمان کات دا خۆ لەگەڵ وردە قۆڵ و لایەنە نێوخۆییەکانی دیکە ڕێك دەخەن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانین زیاترین هەڵوەستەی لە سەر بکەین زۆرتر پێوەندیی بە کێشەی کوردەو ڕوانینی کوردەکانە لەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە هەیە. ئەگەر بمانەوێ لە ڕوانگەیەکی تاك ڕەهەندییەوە سەیری ئەم پرسە بکەین و وڵامێکی یەکلاییکەرەوە بدەینەوە بێگومان نەمانتوانیوە بارودۆخەکەو ڕوانینە جیاوازەکان لەم پێوەندییەدا بخوێنینەوە. چونکە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ ئەمڕۆ "ڕوانینی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" تەنیا لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە بیروڕای گشتی (جەماوەری خەڵکی کوردستان) و حیزبە سیاسییە ڕەسەن و خاوەن ڕابردووەکانی، خاوەن هێندێك وردە تەیف و لایەنی دیکەی نێوخۆیی و تاراوگەنشینە. بۆیە ئەگەر ئەم ڕاستییەمان قەبووڵ بێ و ئیعتیراف بە بوونی ئەم تەیف و لایەنانە بکەین بە دەستەوەدانی هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا لە "ڕوانین و هەڵوێستی کوردەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری" ـ لانی کەم بۆ ئێستا ـ دەکەوێتە خانەی زوو قەزاوەت کردنەوە.

بەڵام دیسانیش ئەگەر بمانەوێ لەو دەربڕینانەی کە تا ئێستا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم پێوەندییەدا لە لایەن کەسایەتی و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە کراون فاکتۆرێك بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە "کوردەکان دەیانەوێ بە پڕۆژەو بەرنامەوە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێران ببنەوە".

ئێستا کە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوڕدانەوە لە چۆنیەتیی هەڵوێستەکانی ڕابردوویان لە بەرانبەر هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا، بیر لە چۆنیەتیی هەڵوێست گرتنیان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری دەکەونەوە و پێیان وایە کە دەبێ لەم مەیدانەش دا ـ بە هەر شێوەیەك بووبێ ـ قورسایی مەسەلەی کورد دەربخەن و بەپێچەوانەی ڕابردوو تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك قەناعەت نەکەن. بۆ نموونە خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کورستان لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاندوە کە "تا ئێستا لەم پێوەندییەدا هەڵوێستی ڕەسمییان ڕانەگەیاندوە بەڵام چ هەڵبژاردن تەحریم بکەین و چ تەحریمی نەکەین کورد دەبێ قورسایی خۆی لەم مەیدانەدا دەربخا."دیارە ئەم ڕوانینە نوێیە کە وێدەچێ بە گشتی سەرجەم حیزبە کوردییەکان ڕەچاوی بکەن، دەتوانێ بە قازانجی مەسەلەی کورد بشکێتەوە.

بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە نووسین و هەڵوێستەکان دا لە پێوەندی لەگەڵ تەیفی ڕێفۆرمخوازانی کورد لە نێوخۆی وڵات، هێندێك ڕەخنەی ڕووبەڕوو کراوەتەوە، هەڵوێستی ئەم تەیفەیە کە ڕاشکاوانە پشتیوانی لە محەممەدی خاتەمی دەکەن و تا ئێستاش چەند جارێك لەگەڵ ناوبراو دانیشتوون و بیروڕایان گۆڕیوەتەوەو لەوانەیە لە ڕیزی ئەو کەسانەش دا بووبێتن کە بۆ یەکەم جار داوایان لە خاتەمی کرد کە خۆی کاندیدا بکا.

ئەم تەیفە لە چالاکانی کورد بە دیفاع لە خۆیان تا ئێستا لە نووسین و وتووێژەکانیان دا ڕایانگەیاندوە کە "مەرجدارانە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان دا دەکەن". دیارە ئەوەیکە ئەو مەرجانە چین و چ زەمانەتێك هەیە پێیان پابەند بن باسێکی تایبەتی دیکەیەو لە داهاتوودا باسیان لێوە دەکرێ.

بە هەر حاڵ وەك باسکرا ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمەی کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنانەدا گرینگ و پڕ بایەخەو پێویستە کاری لە سەر بکەین، نیشاندانی پێگەو قورسایی مەسەلەی نەتەوەیەکی چەوساوەیە. بۆیە دەبێ ئەم دەرفەتانە بە یەکێك لە مەیدانەکانی خەبات بزانین و پڕۆژەی کاریمان بۆیان هەبێ. بەڵام هەروەك باسکرا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا چەند حیزبی سیاسی و چەند تەیفی فکری نیە هەر بۆیە پێویستە بۆ دەستبەرکردنی ئەم قورسایی و خۆدەرخستنە هاوئاهەنگی و هاوکارییەکی هەمەلایەنە لە نێوان کۆڕو کۆمەڵ و حیزب و لایەن و تەیفە جیاجیاکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا پێك بێ کە بتوانرێ لە هەڵوێستێکی یەکگرتووانەدا ـ چ بە تەحریم کردن و چ بە تەحریم نەکردن ـ هاوکات لەگەڵ دەرخستنی قورسای کورد، هەزینەیەکی قورسی سیاسی بخاتە سەر ڕێژیمی ئیسلامی.

# ٣٠ ساڵەی دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان

بێژان

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی، ٣٠ ساڵ بەسەر میتینگی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە شاری مەهاباد تێ دەپەڕێ. لەو ڕۆژە مێژوویی‌یە دا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهابادو شارو ناوچەکانی سەرانسەری کوردستان لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباد کۆبوونەوەو د. عەبدولرەحمانی قاسملوو بە پەیامێکی گرنگ‌و مێژوویی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.

لەو میتینگە گەورەیە دا ژمارەیەك کەسایەتی‌و نوێنەری حیزب‌و ڕێکخراوە ئێرانی‌و کوردستانی‌یەکان پەیامیان خوێندەوە. د. قاسملووی نەمر وێڕای ئیشارە بە مێژووی خوێناویی حیزبی دێموکرات، باسی لە چاوەڕوانی‌یەکانی گەلی کورد لە دەوڵەتی تازە بە سەرۆکایەتیی موهەندیس مەهدیی بازرگان‌و بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد. پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد، چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەوە، پێویستیی یەکریزی‌و تەبایی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئازادیی تێکۆشانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، پێویستیی دەخالەت نەکردنی ئەرتەش لە کاروباری وڵات دا، لەو مەسەلانە بوون کە نێوەرۆکی پەیامەکەی د. قاسملووی نەمریان پێك دێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی دا تا ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ واتە بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ بە شێوەی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا درێژەی بە خەباتی خۆی دا. ئەم شێوە لە خەباتە دوو گیرو گرفتی



سەرەکی بۆ هێزێکی سیاسی شۆڕشگێڕ پێك دێنێ کە لەلایەن حکوومەتی دیکتاتۆرەوە دەسەپێ: یەکەم، مەترسیی ئاشکرابوونی ئەندامانی هێزو ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ، دوویەم، پێشگیری لە گەشە کردن‌و بەهێزبوونی خێرای ئەم هێزو ڕێکخراوانە. حیزبی دێموکرات لەو ماوەیە دا لەگەڵ ئەم دوو گیروگرفتە سەرەکی‌یە بەرەو ڕوو بوو. بەڵام هەر کە تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد، لە فەزای ئازادی ئەو کاتی ئێران دا کە جارێ هێشتا دیکتاتۆری نەی توانیبوو بە تەواوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بە سەدان هەزار کەس وەك ئەندام‌و لایەنگر ڕوویان کردە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

پێشوازیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە کە دەکرێ ئاماژە بەهێندێکیان بکەین: ئەم حیزبە لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵ قوڵابووو دروشم‌و ویست‌و داخوازییەکانی لە هیواو ئاوات‌و ویست‌و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەیان دەگرت. بەستراوە بە هیچ هێزێکی دەرەوەیی نەبوو تا قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدای قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو هێزە بکا. سووربوونی ئەم حیزبە لە سەر سەربەخۆیی سیاسی، جگە لە ئیعتیبارو پڕستیژ لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا، وای لەم حیزبە کردبوو بە پێی ناسین‌و شارەزایی خۆی لە بارەی مەسەلەکانی کوردستان دا بڕیار بدا. ئەم حیزبە خاوەنی ڕابردوویەکی دوورو درێژو پڕ لە هەورازو نشێو بووو دەیان کادرو ئەندامی بە ئەزموون‌و شارەزای لە کوورەی خەبات دا پەروەردە کردبوو. شکست‌و سەرکەوتنەکان گەلێك دەسکەوتیان بۆ حیزبی دێموکرات بە دیاری هێنابوو، لە شکستەکان ئەزموون‌و لە سەرکەوتنەکان شانازی. کەوابوو حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەکی باش خاڵە لاوازو بەهێزەکانی خۆی ناسیبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەك میراتگری شانازی‌یەکانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی بووو لە لایەکی دیکەش فیداکاری‌و گیانبازیی ڕۆڵەکانی لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بگرە تا شەهیدانی خەباتی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ و دواتریش. ئەمانەو زۆر تایبەتمەندیی دیکە لە گرنگترین سەرمایەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون‌و هەر ئەم تایبەتمەندیانە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا ئەم حیزبەیان کردەوە بە حیزبی سەرەکی‌و کاریگەر وشوێندانەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بۆیە دەبێ زۆر دەرس‌و ئەزموونی لێ وەر بگیرێ. لە ڕاستی دا حیزبی دێموکرات بە هێندێك تەئخیرەوە تێکۆشانی خۆی ئاشکرا کرد. ١٩ ڕۆژ بوو شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتبوو کە تێکۆشانی حیزب بە ئاشکرا ڕاگەیەندرا. لە ئاڵوگۆڕە خێراو یەك بە دوای یەکەکانی ئەو کات دا ئەو تەئخیرە بەهۆی درێژەدانی خەباتی نهێنی پێشی بەوە گرت هەر لە سەرەتاوە بە هەموو هێزو دەسەڵاتی خۆیەوە بێتە مەیدان‌و هەر لە سەرەتاوە وەزن‌و ئیعتیباری حیزب بۆ هێزو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی سەرانسەری لە ئێران دا دەر بکەوێ. ئەم حیزبە دەی توانی بە هێزی زیاترو ئامادەیی زیاترەوە شوێن لەسەر ڕووداوەکان دابنێ‌و ڕەنگە دەسکەوتی زیاتر وەدەست بێنێ. ڕەنگە هەر ئەمەش یەکێك لەو هۆیانە بێ پادگانە نیزامی‌یەکانی ڕێژیمی پاشایەتی کە لە قەراغ شارو لە نێو شارەکانی کوردستان بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی

ل ٥

دریژەی

# وتوویژ لەگەڵ عیففەت ماهباز

نەدەناسی، لەو بوارانەش دا نەچووینەتە پێش. واتە مافی کەمە نەتەوەو مەزهەبییەکان و مافی مرۆڤ لە ئێران، بە شێوەیەکی گشتی نەناسراو ماوەتەوە. بۆ مرۆڤێکی ئێرانی کە لە دەرەوەی وڵات ئێستاش بە دوای ناسینی ئەوانەو زۆر مەسەلەی دیکەوەیە کە بیرو زەینی منیان بە خۆوە سەرقاڵ کردوە، مەسەلەو کێشەو گرفتی بەهاییەکان لە ئێرانە. نازانم چەندە ئاگاداری؟ ماڵەکانیان دەسووتێنن، دیسان گیران، دیسان ئیعدام، دیسان.... گۆڕەکانیان هەڵکەندوون.و.....! لە ئێراندا ئێمە تەنیا لەگەڵ یەك مەسەلە بەرەوڕوو نین ئەمە بۆ منی رۆژنامەنووس گرینگە، هەوڵ دەدەم لە پێناو ناساندنی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان بنووسم و بچمە پێش و ئەوەی کە ئێمە چەندە پێویستیمان بەوە هەیە و بزانین کە لاوانی وڵاتەکەمان لەگەڵی ئاشنا بن و بزانن کە بۆچی وایە چۆن وچی. ئەم ئازارە بێ ئەژمارانە...

دۆستی کوردم هەیە کە ئێستا لە ئێران دەژین، لە زیندانیش دا کە بووین باشترین و خۆشەویسترین هاوڕێم کەسێکی کورد بوو. بۆ من ئازیزترین کەس بوو. یەکەمین جێژنی دوای ئازاد بوونم لە زیندان لە ماڵە ئەوان بووم. زۆر بیرەوەریی لە بیرنەکراوم لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەم هەیە. ئەوە کە ئەوان چەندە بەڕێزو خۆشەویست بوون هیچکات بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەوان، لە من جیا بن گەر رۆژێك بڕیار بێت ئەوان چارەنووسیان، کە منیش پێم خۆشە بە دەستی خۆیان بێت ئاواتەخوازم بەو جۆرەی ئەوان بە باشی دەزانن بچێتە پێش، بەڵام بە جۆرێك لە جۆران چارەنووسی من بەستراوەتەوە بە وان (ئەم گرێ و پێوەندییە مێژوویییەیە کە پارس و ماد مێژوویان هاوبەشە) ئەوان زیاتر لە من کەوتوونەتە بەر هەڵاواردن، ئاواتەخوازی رۆژێکم کە حکوومەتێکی دێموکرات بێتە سەرکار کە لەو کات دا بتوانم بۆ نەهێشتنی جیاوازی و هەڵاواردنەکان یارمەتییەك بکەم.

**پ. بەڵام پرسیارێکم لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا هەیە: لە ماوەی ٣٠ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ژنان لەژێر دەسەڵاتی یاساکانی ئەم رێژیمەدا ئازاری زۆریان دیتوە. لەم ٣٠ ساڵەدا سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان و هەلومەرجی داخراوی زاڵ بەسەر ژنان دا بەردەوام لە بەرامبەر رێژیم دا بەربەرەکانییان کردوە بۆ بە دەست هێنانی مافی وەك یەك لەگەڵ پیاوان، خەباتیان کردوە. ئێوە بارودۆخی ئەمڕۆی ژنان لە ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە چ قۆناغێك دایە، روانگەی ئێوە بەرامبەر بە کەمپێنی یەك میلیۆن ئیمزاو تایبەتمەندیەکانی ئەم حەرەکەتە چۆنە؟**

ماهباز: ئەوەی ئێوە باستان کرد لە راستی دا بەشێك لە راستییەکانی بزووتنەوەی ژنانە لە ئێراندا، بەڵام سەرەڕای هەوڵ و فیداکارییەکان، ژنان لە یەك سەدەی رابردوودا هێشتا لە بواری مافی وەك یەکی ژن و پیاو لە ئێراندا رێگەیەکی دوورو درێژ دەبێ بپێوین. لە ٨ی مارسی ١٣٥٧ دەستبەجێ پاش شۆڕشی ئیسلامی ژنان ناچار بوون بە ناڕەزایەتی بەرامبەر حیجابی زۆرەملی و دانانی یاسای دژە ژن بچنە سەر شەقامەکان. بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی شۆڕش، بزووتنەوەی ژنان بە تەنیا مایەوە. دەنگی ژنان دەنگدانەوەیەکی شیاوی خۆی نەبوو. پاش شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق هەل و مەرجێکی لەبارتر بۆ چالاکی و هێنانە بەرباسی ویستەکانی ژنان بۆ خەبات دژ بە هەڵاواردنی رەگەزی رەخسا. چالاکانی مافەکانی ژنان ١٧ ساڵێك دەبێ بە شێوەیەکی روون چالاکییەکانیان لە سەر مەسەلەی ژنان چڕ کردۆتەو.ە لە روانگەی منەوە بزووتنەوەی ژنانی ئێران گەشە سەندووترین بزووتنەوەی مەدەنیی نێوخۆی ئێرانە. ژنان بە وریایی و ئاگاییەوە هەوڵ دەدەن بە فەرهەنگێکی پێشکەوتوو توندو تیژی باوك سالاری وەلا بنێن و یەکسانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا نهادینە بکەن.

ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ژنان، پێکهێنانی گۆڕانکاریی قووڵ لە سەر مافەکان و بواری کۆمەڵایەتی لە پێناو باشتر بوونی بارودۆخی ژنان دایە. ئەم کارە تەنیا بە هاوکاری و بەشداریی ژنانی سەرانسەری وڵات لە دوورترین دێهاتەکان تا گەورەترین شارەکانی وڵات بە ئاکام دەگا. لە بەر ئەوەی بزووتنەوەی ژنانی بژاردە بە تەنیایی ناتوانن ویستە جیاوازەکانی ژنان بن. سەرکەوتن تەنیا بە هەوڵی ژنانی ئیسلامی، ژنانی سێکولار، هاوڕێیەتی ئەم دوانە لەگەڵ یەکتری مسۆگەر دەبێ و هاوڕێیەتی و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە دێموکراتیکەکان، خێرایی دەدا بە بزووتنەوەی ژنان. چالاکانی گۆڕەپانی کۆکردنەوەی یەك میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی هەڵاواردنیان تێدایە بە ئامانجی زانیاری گەیاندن بە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدە سونەتی و مودێڕنەکان کە لە دڵی بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە دەیەکانی رابردوودا سەریان هەڵ داوە، هەوڵەکانی خۆیان بۆ گەیشتن بە یەکسانیی رەگەزی دەست پێکردوە.

خاڵی دەستپێکی ئەم حەرەکەتە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٤ لە بەردەرکی زانکۆی تاران بوو. دەستکەوتەکانی کەمپێنی یەك میلیۆن ئیمزا لە کورت ماوەدا خۆی لە خۆی دا باش، فەرهەنگ سازو زانیاری بەخش بوو. تەنانەت گەر بەم خێراییانە نەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕو گۆڕان لە یاسادا. ژنان بەم حەرەکەتە توانیویانە مەسەلەی بەرابەری بە شێوەیەکی رێژەیی بکەن بە ویستێکی گشتی، رێکخستنی بیروڕای گشتی و نیشاندانی بنچینەکانی جیاوازی، کارو ئەرکی چالاکانی بزووتنەوەی ژنانە لەم حەرەکەتەدا.

لە تایبەتمەندیەکانی ئەم بزووتنەوە مەدەنییە، هەنگاونانی زۆر ژیرانەیە لە بەرامبەر رێژیمێك دا کە وڵامی توندوتیژ بە ویست و داخوازییەکانی ژنان دەداتەوە، بەڵام ژنان لە بەرامبەر ئەم گوشارانەدا کۆڵیان نەداو ژیرانە رێگەیان دۆزیەوە. شێوەی یەك میلیۆن ئیمزا یەکێکە لە دەسکەوتەکانی ئەم مرۆڤە تێگەیشتووانەی کۆمەڵگەی ئێران کە هەوڵ دەدەن خۆیان بناسن بە کاری بەردەوام بە ئامانجەکانیان بگەن.

بەو هەل و مەرجەی بزووتنەوەی ژنان تێیدا دەچێتە پێش، شاهیدی ئەو رۆژە دەبین کە ژنان بە ویستەکانیان دەگەن، ئەگەر رێژیم تا ئەمڕۆ لە ویستە بەرحەقەکانی ژنان رووی وەرگێڕاوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

هیوادارم رۆژێك کۆمەڵگەیەکمان هەبێ کە یەکسانی تێیدا قسەی یەکەم بکا ژنان بە فەرهەنگی پێشکەوتوویانەوە کە لە خۆیانی نیشان دەدەن توندوتیژی باوك سالارانەی کۆمەڵگە بە ئاگاییەوە وەلابنێن بەرابەری لە کۆمەڵگەی ئێراندا نهادینە بکەن.

**خاتوو ماهبازی بەڕێز! قسە زۆرن بۆ وتن، بەڵام بەداخەوە لێرەدا وتوویژەکەمان دەبێ کۆتایی پێ بێنین، گەر پەیامێکتان هەبێ تکایە فەرموون؟**

ماهباز: لە کۆتایی دا وێڕای سپاس لە ئێوە، پەیامی ئەوین و خۆشەویستیم بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن، ئاواتەخوازم کێشەو گرفتەکانیان بە زوویی کۆتایی پێ بێ. کوردەکانی ئێران بە بەشێك لە خەڵکی وڵاتەکەم ئێران دەزانم کە ساڵانێکی زۆر هاووڵاتیانی کوردم لە ژێر چەوسانەوە دابوون.... هیوادارم ژنانی کورد کە زۆرتر لە ژنانی ئێران لە ژێر چەوسانەوەدا بوون لەلایەك لە ژێر فشاری رێژیمە جوراوجۆرەکان لە ئێراندا بوون و لە لایەکی دیکەوە باوك سالاری بە توندی لە کۆمەڵگەدا کاری کردوە. هیوادارم هەر بەو شێوە کە ئەوڕۆ هەوڵ دەدەن ئەم توندو تیژی و باوك سالارییە بناسن و بە ئاگاییەوە لە پێناو نەهێشتنی دا کار بکەن. هیوادارم خەڵکی کوردستان بەو شتەی کە شایانیانە پێی بگەن.

# بەسیجیگەری یان جاشایەتی

مستەفا مەعرووفی

ماوەیەك لەوە پێش هەر لە وتارێکی دیکەدا باسمان لە دیاردەیەك بە ناوی بەسیج کرد کە کۆماری ئیسلامی هەوڵو تەقەللایەکی زۆر بەکار دێنێ بۆ ئەوەی لە نێو خەڵك، بەتایبەتی لە نێو لاوان دا پەرەی پێ بدا. باسمان لە هۆیەکانی ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامی کردبوو، دوو هۆی سەرەکیمان لە پەنا بردنی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرە پێدانی ئەم دیاردەیە باس کردبوو کە بریتین بوون لە: ترس لە پەرەگرتنی رەخنەو ناڕەزایەتیی خەڵكو ئەگەری هێرشی دەرەوە بۆسەر ئەم رێژیمە. هەر لەو باسە دا ئیشارەمان بەوە کردبوو کە ئەزموونی رێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ نموونە رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانو رێژیمی سەددام حوسێن لە عێراق دا دەری خست کە ئەم جۆرە هەنگاوانە ناتوانن لە کاتی تەنگانە دا دەهانایانەوە بێن. رێژیمی شا هەوڵی دا هەموو ئێرانییەکان بکا بە ئەندامی حیزبی رەستاخیز، تاقە حیزبی دەسەڵاتدارو دەسکرد بنەماڵەی پەهلەوی. بەڵام کاتێك راپەڕینی بەشکۆی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، ئەو حیزبە بەو هەمووە ئەندامەوە هەروا بزانە هەر بوونی نەبووە. رێژیمی سەددام حوسێن هەوڵی دا بە شێوەی جۆراوجۆر جاشەتی بەسەر خەڵکێکی زۆر دا بسەپێنێ، کاتێك خەڵك لێی راپەڕی ئەو چەکانەی بە زۆری لە ملی خەڵکی کردبوو بەرەو رووی خۆی بوونەوە. داهاتووی کۆماری ئیسلامییش لە پەرە پێدانی جاشەتی دا ناتوانی لەوە بەدەر بێ.

لەم وتارەشدا هەوڵ دەدەین لە سەر دیاردەی جاشەتی کە کۆماری ئیسلامی ئێستا لە هەر کاتێك زیاتر هەوڵ دەدا بە ناوی بەسیج پەرەی پێ بدا بدوێین.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە کوردێك کە پشتی لە نەتەوەکەی کردوەو خزمەتی رێژیمێك دەکا کە دژی کوردە، بە مەبەستی سووکایەتی کردن بەو جۆرە کەسانە ناوی جاشیان لەسەر داناون. کۆماری ئیسلامی لەسەرەتا دا هەوڵی دا بە گۆڕینی ناویان ئەو سووکییەیان لەبەر چاوی خەڵك کەم رەنگ بکاتەوەو تۆزێك لە بەر چاوی خەڵکیان جوان بکاو زاراوەی " پێشمەرگە مسوڵمانەکان"ی لەسەر دانان. ئەم ناوە قەت نەچەسپا، چونکە ئەمانە نە پێشمەرگە بوونو نە کارەکەیان کاری مسوڵمانان. ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بە ناوی بەسیج پەرە بەم دیاردەیە بداو وشەی جاش لە بیرو زەینی کۆمەڵانی خەڵك بسڕێتەو فارس گوتەنی کەمێك "با کلاس"یان بکا. بەڵام ئەم ناوە وا لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا جێی گرتوە کە جاری وایە جاشەکە بۆخۆی پێی رازیە. ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی رێژیمی سەددام حوسێنیش دا لە باشووری کوردستان بەم شێوەیە هەبوو. رێژیمی سەددام حوسێن هەوڵی دا ناوی " فورسان"( سوارە)یان بۆ بەکار بێنێ بەڵام قەت جێی نەگرت.

جاشەتی بەر لەوەی دیاردەیەکی سیاسی بێ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریە. ئەو کەسەی دەبێتە جاش نەك لە رووی تێبینیی سیاسیو بیرو باوەڕەوە بەڵکوو لەبەر نەبوونی ئاگاهیو وشیاریی نەتەوەیی مل بۆ ئەم کارە رادەکێشێ. بێکاری، یان ترس لە زەحمەتو کوێرەوەریی کار یەکێك لەو هۆیانەیە کەسێکی نائاگا بۆ جاشەتی هان دەدا. لە لایەکی دیکەش هێندێك ئیمتیازی کەم بایەخ کە رێژیم دەیخاتە پێش چاوی، هۆیەکی دیکەیە کە ئەو کەسە دانەخۆرە بکاو بیکێشێتە نێو ئەم دیاردە پڕ شوورەیی یەوە. ئەم ئیمتیازانە رەنگە ماددی بن. رەنگە وەعدو وەعیدی شوغلێك لە جێگەیەك دا بێ. رەنگە ئەو کەسە بە هێندێك لەو ئیمتیازانە بگاو زۆر جاریش وەعدو وەعیدەکان جگە لە سەراب شتێکی دیکە نین. بەڵام لە بەرانبەر دا ئەو کەسانە شتێك لە دەست دەدەن کە زۆر لەو جۆرە ئیمتیازانە بەنرخترن. کۆماری ئسلامی هوویەتی نەتەوەییو تەنانەت ئینسانیان لێ دەستێنێ.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بەشی زۆری کردەوە دژی ئینسانیو ئەخلاقییەکانی بەهۆی ئەم جاشانەوە ئەنجام بدا. زۆر جار مەئموورانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی ریاکارانەی خۆیان لە ئەزیەتو ئازاردانی خەڵك دا جاشەکان دەگیانی خەڵك بەر دەدەن، بەڵام بۆ دڵدانەوەی خەڵك بۆ خۆیان دەچنو روویەکی دیکە بە خەڵکی نیشان دەدەن. مەئموورانی کۆماری ئیسلامی بەشی زۆری کاری جاسووسی، رێگری، دزیو جەردەیی بە جاشەکان دەکەن. لە بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ تێکۆشەرانی رێگەی رزگاریی کورد دا جاشەکان دەنێرنە ریزی پێشەوەو ئەوان بە کوشت دەدەن. چونکە بۆ ئەوان فەرق ناکا لەهەر حاڵ دا کورد دەکوژرێ. کۆماری ئیسلامی لە کاتی تێکهەڵچوون دابە ناردنی جاش بۆ مەیدانی شەڕ، شەڕێك لە کوردستان دا دەکا کە زەرەرەکەی بۆ ئەو نەگەڕێتەوەو بە جۆرێك شەڕو تێکهەڵچوون لە کوردستان دا بکا بە شەڕێکی نێوخۆییو ئاکامو کاریگەرییەکانی هەر لە چوارچێوەی کوردستان دا بمێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا زیاتر لە نێو ئەو لاوانە دا جاشبگیری بکا کە مەوقعیەتێکی کۆمەڵایەتیی باشیان نیە. هەوڵ دەدا کەسانێك بکا بە جاش کە لە باری کەسایەتییەوە زۆر لاوازنو لە بەرانبەر داوا دژی ئینسانیو دژی گەلییەکانی مەئموورانی رێژیم دا نایان نیەو ئامادەن هەموو کردەوەیەکی دزێو ئەنجام بدەن. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا کەسانێك بکا بە جاش کە بەئاسانی بتوانێ ئیرادەو هوویەتی ئینسانییان لێ بستێنێو لە دژی نەتەوەو دەرو جیرانو تەنانەت ئەفرادی بنەماڵەی خۆشیان دا بەکاریان بێنێ. لە راستی دا پێگەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا زیاتر لە نێو ئەم جۆرە کەسانە دایە.

کەمبوونەوەی رێژەی بێکاریو پەروەردەی دروستی بنەماڵەو بردنە سەری ئاستی ئاگایی وشیاریی سیاسی دەتوانێ لە کەم کردنەوەی ئەم دیاردە پڕ لە شوورەیی‌یە دا تەئسیریان هەبێ. ئەمانە رێگەی سەرەکین. بەڵام لە پال ئەمانەش دا هەوڵی راگەیەنە گشتی‌یەکانی کورد، کەسایەتییە کۆمەڵایەتیو ئایینیو فەرهەنگییەکان، ناوەندە وەرزشیو فەرهەنگییەکان، دڵسۆزانو نیشتمانپەروەران لە تێگەیاندنی لاوانو گێڕانەوەیان لەم کارە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە دا کاریگەر بن.

دریژەی

# ٣٠ ساڵەی دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان دامەزرابوون درەنگ تەسلیم بن یان هەر تەسلیم نەبن کە بە داخەوە زۆری پێ نەچوو بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەرکی پێشووی خۆیان درێژە پێ دا.

ئەم تەئخیرە هەرچەند زۆریش بێ هۆ نەبوو بەتایبەتی ئەزموونی سەردەمی حکوومەتی نیشتمانیی د. موسەدیق کە بە هۆی کرانەوەیەکی سیاسی کە ئەوکات هەبوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب ئاشکرابوونو پاش کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ تەشکیلاتی حیزب لە لایەن رێژیمی شاوە زەبری وێ کەوت. لە ساڵی ١٣٥٧یش ئەو نیگەرانیە هەبوو کە ئەگەر شۆڕش بەهەر هۆیەك شکست بخوا تەشکیلاتی حیزب زەبرێکی قورسی وێ دەکەوێ.

بەهەر حاڵ رۆژی ١١ی رەشەمە دەری خست کە چاوەڕوانی-یەکانی خەڵك لەو حیزبە چۆنی پەنگ خواردۆتەوە، ئەم حیزبە چۆن لەگەڵ شەپۆلی پێشوازیی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوویە، دەری خست کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی رەسەنەو رەگو ریشەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا داکوتاوە.

بەداخەوە هەلومەرجی ئازادی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری‌یەکی خوێنڕێژترو بێ روحم تر لەوەی پێشوو، زۆری نەخایاندو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو شێوە خەباتی نەخوزراوو داسەپاوی بەسەر دا سەپا: خەباتی نهێنی لە لایەكو خەباتی چەکدارانە لە لایەکی دیکەوە. هەرچەند دوای ٣٠ ساڵ لەو تاریخە بە داخەوە هێشتا گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مافە سەرەکی‌یەکانیان کە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی-یەکانو دابین بوونی ئازادیو دێموکراسی‌یە، نەگەیشتوون، بەڵام ئەم قۆناغە زۆر دەسکەوتیشی بۆ بزووتنەوەی کوردو گەلی کورد هەبووە. لەو قۆناغە دا بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکرات لە بەشی هەرەزۆری رۆژهەڵاتی کوردستاندا پەلوپۆی هاویشتو مەیدانی تێکۆشانی لە رووی جوغرافیایی-یەوە بەرینتر بۆوە. خۆی بە هێزی کۆمەڵانی خەڵك تەیار کردەوەو سەرمایەیەکی سیاسیو هێزێکی ئینسانیی ئەوتۆی وەسەریەك نا کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی کورد دەتوانێ پێی بژی.

بەداخەوە هەلومەرجێك کە دیکتاتۆریی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا سەپاندوویەتی هەلومەرجی نهێنیی بەسەر بەشی هەرە زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زاڵ کردوە. هێزی سەرەکیو هەرە زۆری ئەم حیزبە ئەم رۆڵە تێکۆشەرو خەباتگێڕانەن کە ئازایانەو چاونەترسانەو وەك سەربازی ون لە ژێر حاکمییەتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامی دا بە شێوەی نهێنی درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەنو لە راستی دا پاڵپشتی ئەسڵیو هۆی سەرەکیی مانەوەی تێکۆشانی ئەو بەشە لە حیزبی دێموکراتن کە بە ئاشکرا خەبات دەکەنو ئەم حیزبەیان زیندوو راگرتوە.

ئەزموونی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ زۆر دەرسی بەنرخی بۆ بزووتنەوەی کورد بەگشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی تێدایە کە بە هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەی لایەنەکانی، ئەم حیزبە لە ئاڵوگۆڕەکانو پێشهاتەکانی دوارۆژ دا بەکاریان بێنێ.

## عیففەت ماهباز:

# بزووتنەوەی ژنانی ئێران گەشەسەندووترین بزووتنەوەی مەدەنیی ناوخۆی ئێرانە

دیمانە: کوێستان فتووحی

و. لە فارسییەوە: ئازاد شێخی

عیففەتی ماهباز چالاکی بزووتنەوەی ژنانو مافی مرۆڤ لەو کەسانەیە کە بە هیوای ئازادیو بەرابەریخوازی لە شۆڕشی ١٣٥٧ دا وەك زۆر خەڵکی دیکە چالاکانە لە خۆپیشاندانەکان دا بەشداری دەکرد. ئەو کاتە تەمەنی ٢٠ساڵ بوو. دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئیعدامو سەرکوتو هەڵاواردن دژی چالاکانی سیاسی لەلایەن ئاخوندەکانەوە دەستی پێکرد. ساڵی ١٣٦٠ برایەکی عیففەت بە ناوی عەلی کە ئەندامی چریکە فیدائییەکان بوو لەلایەن ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ئێعدام کرا. جێژنی نەورۆزی ١٣٦٣ عیففەت لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ناوی عەلیرەزا ئەسکەندەری کە تازە ژیانی هاوبەشیان پێك هێنابوو هەردووکیان ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکان بوون، گیرانو ڕەوانەی زیندانی ئێوین کرانو کەوتنەبەر توندترین ئازارو ئەشکەنجە. ساڵی ٦٧ کە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان بوو، هاوسەری عیففەت ئێعدام کرا. بۆخۆشی ٧ ساڵ لە باشترین ساڵەکانی تەمەنی لاوەتی لە زیندان دا تێپەڕ کرد و دەورانێکی پڕ لە دەردو ئازاری بەسەر برد. دوای ئەوەی لە زیندان هاتە دەر، ئێرانی بەجێهێشت و چووە وڵاتی ئاڵمان، لەوێ چووە زانستگە و لە لقی فیمینیزم و مەتالعاتی ژنان دا دەستی بە خوێندن کرد. عیففەت ماهباز ئێستاش لە لەندەن خەریکی کار و خوێندنە. ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە خوێندن بۆ ژنان کۆتایی نیە و لە هەر کوێ بتوانن و کاتیان هەبێ دەبێ بخوێنن. ئەم ژنە تێکۆشەرە ١٥ ساڵ دەبێ وەك ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات کار دەکا. ٢ کتێبی نووسیوە بە ناوەکانی ١ـ "زنان ایران، چراغی در دست، چراغی در راه" کە پێك هاتوە لە کۆمەڵێك لەو وتووێژانەی لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران کردوونی و ٢ـ " فراموشم مکن" کە چەند لاپەڕەیەك لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ٦٧دا دەخاتەڕوو، بیرەوەرییەکانی زیندانە بۆ ئەوەی لەبیر نەکرێن کە ئازادیخوازان لە ئێران چییان کردوە، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بزانن ئەوان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی باشتر چۆن ڕۆژگاریان تێپەڕاندوە.

لە پێوەندییەکی تەلەفونیدا، لەگەڵ ئەم خانمە بەم جۆرە وڵامی ئەوپرسیارانەی دایەوە:

**خانمی عیففەتی ماهباز! ٢٠ ساڵ بە سەر کوشتاری ساڵی ٦٧ی زیندانیانی سیاسی بە دەست کۆماری ئیسلامی دا تێپەڕیوە. ئێستاشی لەگەڵ بێت نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کارەساتە مرۆیییەی بە فەرمی نەناسیوە، دەتوانی بڵێی بۆ؟**

ماهباز: هەر وەك باستان کرد، ٢٠ ساڵ تێپەڕیوە، بەداخەوە هێشتا کۆمەڵگەی جیهانی بە ڕوونی ئاگای لە لایەنە تراژیدیەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە نیە تا ئەوەی بە فەرمی بناسێ. بەڵام ئەو ئێرانییانەی لە دەرەوەی وڵات و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ کار دەکەن، هەوڵیان داوە تاکوو هێندێك لە لایەنەکانی ئەم کارەساتە بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنن. بەڵام هەر وەك باستان کرد ئەم هەوڵانە تەواو نین. ڕەنگە ڕاگەیەنی ئێمە بەشێوەیەکی کۆن بوو بێ و لەگەڵ سەردەمی نوێدا مەودای هەبێ یان گرووپەکانی چالاکی مافی مرۆڤ زۆر یەکگرتووانە کاریان نەکردبێ. یان لە جیهانێکدا بە دوای گرفتەکاندا بگەڕێین کە زۆر جاران لایەنی ئابووری قسەی یەکەم دەکا. ئێستا چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران لانیکەم لە دەرەوەی وڵات هەوڵ دەدەن ئەو بەڵگانەی کە بۆ ئەم کارە پێویستن کۆ بکەنەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. پێویستە لێرەدا بڵێم کە بەشی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاگای لە بەشێك لە کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ی هەتاوی هەیە. ئاغای گالیندوپۆل بەرپرسی لقی مافی مرۆڤی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو سەردەمەدا، کاتێك لە زیندان بووم و لە ڕیزی ئەو ٨٠ ژنە بووم کە مەترسی ئیعدامی لە سەر بوو، هەوڵیان دا بۆ ئازاد کردنی ئێمە. ئاغای" کالیندوپۆل بۆخۆی سەردانی ئێرانی کردو چاوی بە خاوەران شوێنی ژێرخاك کرانی تەرمی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٠ بەولاوە کەوت. بەڵگەکان لە نەتەوەیەکگرتوەکان پارێزراون. ئەمانە بەشێك لە هەوڵەکانی کۆمەڵکای جیهانییە، کۆمەڵگەی مافی مرۆڤی ئێرانیش لەم پێوەندیەدا زۆریان هەوڵ داوە. ئەم کارانە دەبێ درێژەیان هەبێ تا لە داهاتوودا سەرکەوتن بە دەست بێنن کە لە ئاستی جیهانیدا بە فەرمی بناسێندرێ و بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کوشتارە بناسێندرێن. مافی بنەماڵەی زانیدانیانی سیاسییە بزانن لە بەرچی دەسەڵات بەوشێوەیە هەڵسوکەوتی کرد. بۆچی چارەنووسی ڕۆڵەکانیان بەو شوێنە گەیشت. باوکەکان و بنەماڵەی زیندانییەکان مافی خۆیانە بزانن بۆچی ڕۆڵەکانیان کوژران؟ چۆن کوژران و لەکوێ نێژران؟ ئەمانەی پێویستیان بە وڵام دانەوە هەیە.

**خاتوو ماهبازی خۆشەوسیت! بەڵام ئەو لاوانەی پاش کوشتاری ساڵی ٦٧ی هەتاوی لە ئێراندا لە دایك بوون، زانیارییان لە سەر ئەم کارەساتە نیە یان زانیاری کەمیان هەیە. بەرای ئێوە بەمەبەستی ئاشنا کردنیان لەگەڵ چارەنووسی نەوەی شۆڕشگێری پێش خۆیان دەبێ چ بکرێ؟**

ماهباز: پرسیارێکی بەجێیە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە بەردەوام بەهۆی لەبیرچوونەوەی مێژوو (حافظە) نالاندویەتی. زۆرێك لەو ڕووداوانەی لەو ساڵانەی ڕابردوودا ڕوویان داوە دووپات بوونەوە، لە بەرئەوەی نەنووسراون یان ڕەنگە نەخوێندرابنەوە. ئەمڕۆ هەوڵی ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە بێ کە ئەوەی بەسەر نەوەی ڕابردوومان هاتوە بوترێ و بنووسرێ. بە خۆشییەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زۆر کەس دەستیان داوەتە نووسین و هەرواش بەردەوامە. ئەگەر ئاگادار بن کتێبی بیرەوەرییەکانی زیندانی من، لەو پێوەندییەدا، ٣٠یەمین کتێبە کە چاپ بووە. ئەمانە بەشێك لەو ڕاستییە نەوتراوانەن کە بۆ نەوەیەکی بە قەولی ئێوە بێ ئاگان لەو ڕووداوانە. ئەمانە دەبێ بزانن کە ئێستا لاوانی ئێران لە بارودۆخێك دان کە ناتوانن بەڵام من ئەو هیوایەم هەیە کە ڕۆژێك کۆمەڵێك لەو لاوانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەخوێنن بۆ دۆزینەوەی شوناس و پێناسەی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوە مێژووییانە، ئەوەی کە بۆ وابوو، بۆچی شۆڕش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی کرد و بەم شێوەیە چۆتە پێش.

**ئایا بە نووسینی بیرەوەرییەکانی زیندان لە دووتوێی کتێبی (فراموشم مکن) دا دەتەوێ ئەوەی بەسەر ئێوەهاتوە (ئازارو شکەنجە، ئێعدام و لێکدابڕان) ویستووتە ئەو ئامانجە بپێکی؟**

ماهباز: بەڵێ "فراموشم مکن" بیرەوەریی ٧ ساڵ ژیانی منە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دا، هەوڵم داوە لەو شتانە بدوێم کە لەوێدا لەگەڵی بەرەوڕوو بووم، لە بارەی ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی بوونی بیروباوەڕی ئازادی و یەکسانی، هەر کەسەو بەپێی خولیای تایبەتی خۆی، کە ڕەنگە من ئەمڕۆ زۆرێك لەو باوەڕانەم لا پەسند نەبن یان لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی من دا نەگونجێن، کوژران. بەڵام ئەوە دەزانم کە هەموو ئەوانە لە پێناو نیشتماندا گیانیان بەخشی، بە هەموان یەك شتی هاوبەشیان دەویست:، ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. من ئەم ئامانجەم ئێستاش قبووڵە. هەوڵم داوە لەسەر کەسەکان بە ڕوانگەی جۆرۆاوجۆرەوە ئەوەی بە سەر من وئەوان هات بنووسم، لە خۆشەویستیی من بۆ هاوسەرەکەم کە لە کوشتاری ساڵی ١٣٦٧دا ئێعدامیان کرد، لە بارەی ئەو خۆشەویستییەی من بۆ ئەو هەمبوو، نووسیومە کە چۆن دوو خۆشەویست لێك جیا دەکەنەوە و لە ساتەکانی دوایین یەکتر بینینمان دواوم.ئەم کتێبە هەر لەو کاتەدا کە پڕە لە ئازار، چیرۆکی خۆشەویستیەکە لەلایەن کەسانێکەوە کۆتایی پێهات کە لە ئێراندا مافی مرۆڤ ناپارێزن و بێزارن لە مرۆڤایەتی. هیوادارم کە ئەم کتێبە بە دەستی ئێوەش بگا و بکرێ بە کوردی، ئاواتەخوازم و هەوڵەکەشم بۆ ئەوەیە بۆ سەر زمانەکانی دیکەش وەرگێڕدرێتەوەو خەڵکانێکی زۆر لەم پێوەندیەدا زیاتر زانیارییان هەبێ.

لەو باوەڕەدام هەر باسێك لەسەر زیندان، هەر قسە کردنێك لەسەر ئەو خۆشەویستانەی کە لە نێوماندا نەماون، ئەو بیرەوەرییانەن کە دەچنە "حافظە تاریخی" ی وڵاتەکەمان، هەموان لەسەر یەك وەك سەرچاوە دەکرێ کەڵکی لێوەربگیرێ . ئێستا لاوانی وڵاتەکەمان هیچ زانیاریەکیان لە ڕابردووی وێرانی ٣٠ ساڵەی خۆیان نیە، ڕەنگە ئەوان بیانهەوێ ڕۆژێك مێژووی ئەم ٣٠ ساڵەیە بنووسنەوە. یان ڕۆژێك دەروونناسە لاوەکانی ئێمە بیانهەوێ بە هاوکاریی کەسانی ئازار دیتوو لە زیندانەکاندا شتی دیکە ببیننەوە. کۆمەڵناسانی لاوی وڵاتەکەمان هۆکارەکانی ئەوەی کە مرۆڤی ئێرانی چۆنەو بۆ وایە دابڕێژنەوە. کەوابوو پێویستە ئەو یادو بیرەوەرییانە بگوترێن و بنووسرێنەوە. ئەگەرچی برینێك بێ لەسەر برینە بێ ئەژمارەکانی مرۆڤی ئێرانی.

**خاتوو ماهباز! بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی کوشتارەکانی ٦٧ی هەتاوی کە تا ئێستاش لە ئێراندا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، دەیانهەوێ گۆرستانی خاوەران وێران بکەن تا ئەو ڕووداوە لە بیرو زەینی کۆمەڵگە بسڕنەوە، ئایا ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات بۆ پێشگیری لەم کردەوەی ڕێژیم کارێکیان کردوە؟ بۆ نموونە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پێوەندی گیراوە تا فشار بخەنە سەر ئەم ڕێژیمە و دەست لەم کارە نامرۆڤانەیە هەڵگرێ؟**

ماهباز: ئەوانەی لە بواری مافی مرۆڤی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات چالاکن وەدوای ئەو کارانە کەوتوون هەروەك گوتم وەك بەڵگەیەك لەبارەی خاوەرانەوە وەك شوێنێك کە ئێعدام کراوەکانی تێدا ژێرخاك کراون، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهان وەربگیرێ. هێندێك هەنگاو لە لایەن ئەو هێزانەوە لە سەرانسەری ئورووپادا هەڵهێنراونەتەوە، بۆ نموونە ئەو لاوانەی کە دایك و بابیان ئێعدام کراون تێیدا بەشدارن، لە بێرلین دوو ڕۆژ مانیان گرت تاکوو دەنگی خۆیان بە گوێی کۆمەڵگەی جیهانی بگەیەنن. داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی بکەن تا بەهاوکاریی ئەوان بە نارەزایەتیی دەربڕینی خۆیان ڕێگر بن لە بەردەم ئەم کردەوە دژە مرۆییەدا. ئەمە لانیکەمی کارێکە خەڵکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بیکەن. لە ئێران و سەرەڕای ئەوە کە ئەوێ [خاوەران] یان داخستوە، ئەو بنەماڵانە هەروا هەوڵ دەدەن بچنە سەر گۆڕی ڕۆڵەکانیان، هەرچەند شوێنەواری هیچ گڵکۆیەکی لێ نیە. لەسەر ئەرزێکی ڕووت کە لە ساڵانی ئازارو تەنیایی دا ئەو بنەماڵانە، پەنایان بۆ دەبرد و غەمەکانیان تەنیا بۆ خاك هەڵدەڕشت، ئەمڕۆ تەنانەت ئەو خاکەشیان پێڕەوا نابینن! بەڵام ئەوەش دەبێ بڵێم کە خاوەران ئەو خاوەرانەی بەم شێوەیە دروست کرا ئەگەرچی ئێستا وێران دەکرێ، بەڵام لە بیر ناکرێ، خاوەران لە نووسینەکاندا، لە بیرەوەریەکاندا، هەر دەمێنێتەوە.

**پ: تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان یەك لەوان ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی ئورووپایی، بەشێکە لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا. وەك ڕۆژنامەنووسێك و چالاکێکی مافی مرۆڤ لەم بوارەدا چ هەوڵێکتان داوە؟**



ماهباز: بەڕاستی لەلایەنی سۆزدارییەوە، هیچ کات و تا ئەمڕۆش ڕێبەرانی کورد لە خۆم و لە کۆمەڵگەی ئێران بەجیا نازانم، ناشتوانم جیایان بکەمەوە. ئەوان وەك هەر ڕێبەر و تاکێکی ئێرانی لای من خۆشەویستن ـ کارم بەوە نیە کە کوردەکان سەرەنجام دەیانهەوێ چارەنووسی کورد لە دەستی خۆی دا بێ، و سەربەخۆو جیا بن. من لە ڕووی هەستەوە هیچکات لە خۆمم جیا نەکردوونەوە.

کاتێك کە دوکتور قاسملوویان بەو شێوە ترسناکە کوشت، کاتێك کە نووری دێهکوردیی خۆشەویستیان بەو شێوەیە لە بێرلین کوشت، من هەستم هەر ئەوە بوو کە بۆ کەسێکی ئێرانیی هاونیشتمانم هەبوو. ئەم کەسایەتییانە بەشێك بوون لە من و بە سەرمایەی نەتەوەیی وڵاتەکەم دەژمێردران. بۆ من دوکتور قاسملوو جیا لەوەی ڕێبەری کوردە دێموکراتەکان بوو، بە ڕێبەرێکی ئێرانیش دەژمێردرا. ئەمڕۆ بوونی ئەو دەیتوانی پشتیوانێکی باش بێت بۆ کۆمەڵگەی ئێران و خەڵکی کوردستان. دەیتوانی پشتیوانێکی باش بێت لە بەرەوپێش بردنی هەوڵی ئاشتیخوازانە دا، ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان داوای دەکەن، بەڵام مخابن سەدمخابن. دکتور قاسملوو بۆ من کەسایەتێکی گەورەی مێژوویی، لە هەمانکات دا کە کورد بوو کەسێکی ئێرانییش بوو. بەڵام من چی بکەم، ئەو کاتەی کە بەداخەوە ئەوانیان کوشت من لە زیندان دا بووم، بەڵام کاتێك هاتمە ئورووپا جەرەیانی میکۆنوس لەگۆڕێ بوو. لە بیرمە لەو نارەزایەتییانەی لەو پێوەندیەدا هەبوو منیش چوومە بێرلین و لەگەڵ ئەوانەی لەوێ بوون هاودەنگ بووم. بەگشتی بۆ من ئاغای فروهەرو خانمی پەروانە ئەسکەندەری هاوسەری ئاغای فروهەرو موختاری و دوکتوور قاسملوو لێك جیا نین، نەمان و لە نێو چوونیان وەك خەسارێکی گەورە بۆ وڵات و خەڵکی ئێران دادەنرێ.

**پ: لە کوردستاندا سەرکوت و فشار لە هەموو بوارەکاندا (کوشتاری خەڵکی هەژار، سەرکوتی ژنان، لاوان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، زیندانی کردنی چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ) لە هەر شوێنێکی دیکەی ئێران زیاترە بەڵام ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و ڕاگەیەنە فارس زمانەکان بایەخێك بەو بارو دۆخەی کوردستان نادەن، هۆکاری ئەم پشت گوێ خستنە چییە؟**

ماهباز: کوێستان گیان! پێم خۆشە شتێکت پێبڵێم لە بیرمە کاتێك خاڵخاڵی براکانی ناهیدی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە کوردستان ئیعدام کرد، براکانی ناهید (کورد) بوون لە زانکۆی پلی تکنیك خوێندکار بوون، ئەزقەزا وێنەکانیان ئێستاش لە زۆر شوێنی جیهان هەیە. هیچکات ئەو ڕووداوەم لە بیر ناچێ کاتێك هاوسەرەکەم هاتەوە ماڵەوە چاو بە گریان بوو. ئیحسانی، ناهید یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی بوو هەر دووکمان تازیەمان بۆ گرت... وەك تاکێکی ئێرانی لەو کارەساتانەی لە کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و دواتر ڕوویان دا، لەوەی لە ڕابردوودا بەسەر خەڵکی کوردستان دا هاتوە شەرمەزار بووم، ئەمانە بەردەوام بۆ من ئازارێکی گەورە بوون کە بەم شێوەیە بەسەر خەڵکی کورد دەهات، بەڵام ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران ئەوەیە کە ئێمە لە ڕابردوودا زۆرێك لە مافەکانی خۆمان بە تەواوەتی

ل ٥

مەرداویج کەرەمی:

# تەنیا لە ڕێگەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کوردەوە دەتوانین کێشەی یارسانەکان چارەسەر بکەین

دیمانە: "کوردستان"



ئاماژە: ئایینی یارسان وەکوو ئایینی ئیزەدی، ئایینێکە کە تایبەت بە کوردستان و لایەنگرانی ئەم ئایینە زۆرتر لە هەندێك لە ناوچەکانی هەرێمی کرماشان و تا ڕادەیەکیش ئیلام دەژین. یارسانەکان وەکوو بەشێك لە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە ژێر فشارو چەوسانەوەدا بوون، بەڵام لە دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران وەك زۆرێك لە چالاکانی یارسان دەڵێن بە هۆی جیاوازی ئایینەوە بە چەند قات زیاتر چەوساونەتەوە. یارسانەکان لە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتییەکاندا هیچ پێگەیەکیان نیە. لەم ساڵانەی دوایی دا بە هۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و تەشەنەکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی بیری ڕزگاریی نەتەوەیی لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یارسانەکان لەو بزووتنەوەیەدا خۆیان دەبیننەوەو ڕێژەی بەشداریی ئەوان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو هەڵکشانە.

"کوردستان" بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی خوێنەرانی خۆی بە ڕەوشی یارسانەکان بە پێویستی زانی کە وتووێژێك لەگەڵ بەرێز مەرداویج کەرەمی، چالاکی سیاسیی یارسان پێك بێنێ.

**"کوردستان": سەرەتا پێمان خۆشە باس لەو فشارانە بکەی کە ئەمڕۆ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرەوڕووی چالاکانی یارسان دەبێتەوە؟**

**مەرداویج کەرەمی:** شارەکانی قوروە، کرەند، شاهابات، کرماشان، سەحنەو کەنگاوەر- یان ناوەندی گشتی گەهوار-، ئەو شوێنانەن کە یارسانی زۆری لێیەو تا ڕادەیەکیش ناوچەکانی بلوورانی ئیلامیش دەگرێتەوە. یارسانەکان لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا کە کۆماری ئیسلامی لە سەر کارە لە ژێر گوشارو زەختدا بوون. بە هیچ شێوەیەك لە ئیداراتی دەوڵەتیدا ئیزنی کار کردنیان پێ نەدراوەو لە لایەن بەشی عەقیدەتیی ئیدارەکانەوە ڕەت کراونەتەوەو سەلاحییەتیان تەئید نەکراوە. تەنیا لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا، بە بێ ئەوەی لە بیرو باوەڕ بپرسن، لە بەر ئەوەی خەڵك ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لەگەڵ عێراق بکەن، لە ڕووی نیزامییەوە کۆمەڵێك لە یارسانەکانیان وەرگرت. پاش کۆتایی هاتنی شەڕ هەموویان دەرکران. ئەمە سەرەکیترین گوشارە بۆ سەر یارسانەکان لە نێو ئێراندا.

یارسان کەمایەتییەکی مەزهەبین کە لەگەڵ بەهائییەکان کە بە بەراورد لەگەڵ کەمایەتییەکانی دیکە لە ژێر زەخت و گوشاری لە ڕادەبەدەر دان و هیچ نوێنەرێکیان نیەو ئیزنی چالاکییان پێ نادرێ. تەنانەت ئیزنی ئەوەشیان نیە ئەماکنی عەقیدەتی دووجەمخان لە هیچ شوێنێك ساز بکەن.

کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەو شوێنەی کە تەواوی خەڵکەکەی یارسانن پڕوپاگەندە بۆ شیعەگەریی دەکەن و لەوێ مزگەوت دروست دەکەن و لە بۆنە تایبەتەکانی خۆیاندا "سینەزنی"ش وەڕێ دەخەن.

**"کوردستان": تا ئێستا دژکردەوەی یارسانەکان بەرانبەر بەو هەڵسوکەوتانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چ بووە، کە دێن لە نێو یارسانەکاندا پڕۆپاگەندە بۆ شیعەگەریی دەکەن؟**

**مەرداویج کەرەمی:** دژکردەوەی یارسانەکان بەرامبەر بەو کارانە ئەوە بووە کە بە هیچ شێوەیەك ئەو پڕوپاگەندانەی قەبووڵ نەکردوە و لە قەفەسیان هاویشتووەو وەلایان ناوە. چونکە یارسان ئایینێکە کە لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا بە هەر شێوەیەك بووبێ خەباتی خۆیان کردووەو بە هیچ شێوەیەك پاشەکشەی نەکردوەو هیچیشی قەبووڵ نەکردوە.

**"کوردستان": ئەی ئەم فشارانەی لە زانکۆکان بەرانبەر بەو خوێندکارانەی کە باوەڕیان بە یارسان هەیە چۆن بووە؟**

**مەرداویج کەرەمی:** ئەو گوشارانەی کە بەرانبەر بە خوێندکاران هەیە لە ئێران شتێکی سەرانسەرییەو هەروەك ئاگادارن هەموو خوێندکاران لە ژێر فشار دان. بۆ چەندین جار بینیومانە کە لە زانکۆکان خوێندکاریان کوشتوە یان بە کۆمەڵ ڕەوانەی زیندان کراون. خاڵێك کە پێویستە لێرە لە بارەی خوێندکارانی یارسان ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە جەریمەو سزای خوێندکارانی یارسان دووقات بووە. جارێك بە هۆی عەقیدەتییەوە کە یارسانن، جارێکیش لە بەر ئەوە کە خوێندکاران.

**"کوردستان": ئێستا دەبینن کۆمەڵێك لە خوێندکارانی یارسان و ژمارەیەك چالاکی بوارەکانی دیکە کە هەر یارسانن لە زیندانەکان دان، کۆماری ئیسلامی وەك "ارازل و اوباش" لە قەڵەمیان دەدا. ئەم دەستەواژەی ئەرازل و ئۆباشە چیە کە وەپاڵ چالاکانی یارسانی دەدەن؟**

**مەرداویج کەرەمی:** ئەوە پڕوپاگەندەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە. کۆماری ئیسلامی دوو تۆڕی گشتیی هەیە کە یەکیان تیرۆریستی و پیاوکوژییە، کە هێزەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و ... دەگرێتەوە شەبەکەیەکیشیان تەبلیغاتییە کە ڕاستییەکان چەواشە دەکەن. ئەوانەی کە ئەوان وەك ئەرازل و ئۆباش لە قەڵەمیان دەدەن، چینی ڕووناکبیرو بژاردەی کۆمەڵگەن کە بۆ ئازادی و دادپەروەری خەبات دەکەن. ئەگەر ئەرازل و ئۆباشێك هەبێ، ئەوا خودی ئەو ئیتلاعاتی و پاسدارانەن کە ڕۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر چالاکانی بوارە جیاوازەکان سەرکوت دەکەن و لە دواکەوتووترین چینەکانی کۆمەڵگەشن. کۆماری ئیسلامی لە هەر ئاواییەك لە هەر شوێنێك کە دیتوویەتی کەسانێك تەرد کراون و دزێون لە نێو کۆمەڵگە و دزو موعتادو درۆزنن کۆی کردوونەتەوەو لەوانە هێزی بەسیج و سوپاو... بۆ سەرکوتی خەڵك دروست کردوە. گەندەڵترین کەسەکانی نێو کۆمەڵگای کۆکردۆتەوەو دەیان ڕێکخراوی سەرکوتکەری پێیان دروست کردوە، ئایا ئەمانە ئەرازل و ئۆباش نین!؟ یان ئەوانەی کە لیسانس و دکتوران و لە زانکۆکانن و داوای ئازادی و دێموکراسی دەکەن ؟

**کوردستان: بە چ شێوەیەك دەتوانین پێش بەو گوشارانەی کۆماری ئیسلامی بگرین کە ئەمڕۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەرەوڕووی چالاکانی یارسان دەبێتەوە؟**

**مەرداویج کەرەمی:** ئێمە تەنیا بە کارکردن لە سەر بواری نەتەوەیی دەتوانین ئەم کێشانە چارەسەر بکەین. چونکە لە نێو ئێراندا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە هەر چەشنە کێشەیەکی نەتەوەیی ڕەت دەکرێتەوەو دانی پێدانانێن و لە ڕوانگەی پان فارسیزم و پان ئێرانیزمەوە سەیری هەموویان نەتەوەکان دەکەن و هەموو لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینن. لەم ڕووەوە هیچ حیسابێك بۆ شوناسی کورد، بەلووچ، ئازەری، عەرەب و... ناکەن. بەم پێیە ئێمە لە ڕێگەی چارەسەری کێشەی نەتەوەییەوە دەتوانین کێشەی یارسانەکان چارەسەر بکەین. چونکە یارسان بەشێکە لە نەتەوەی کوردو دەبێ کاری لە سەر بکەین.

**"کوردستان": پێتوایە لەم پێناوەدا بەرانبەر بە یارسانەکان، حیزبەکان کە ئەرکی قورسیان لە سەر شانە، دەبێ چ بکەن؟**

**مەرداویج کەرەمی:** بێگومان پارتەکان کە پێشەنگی خەباتی نەتەوەیین و نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن، ئەرك و بەرپرسایەتییان لە سەر شانە. حیزبەکان دەبێ بە شێوەی گشتی بیروباوەڕو سەرنجی یارسانەکان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و باوەڕیان پێبکەن کە ئەوانیش نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکێکن.

**"کوردستان": وەك دوایین پرسیار ئەگەر هیچ هەوڵێك بۆ پووچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی نەدرێت ، لە ئاکامدا ئایا کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتانەیەوە دەتوانێ سەرکەوتوو بێ؟**

**مەرداویج کەرەمی:** کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ لە ئاستی کۆمەڵگەی جیهانیدا بەرەوڕووی گوشارێکی قورس بۆتەوە و مەرگی نزیکە. من پێم وایە ئەگەر وڵاتانی ئورووپایی، ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵ دەگێڕن لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بە تایبەت ئەمریکا، ئەگەر ئەو لایەنانە حیزبە کوردییەکان بە هێز بکەن و پشتیوانییان لێ بکەن دژی کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی تەمەنێکی ئەوتۆی بە بەرەوە نەماوە. ئەگەر حیزبە کوردییەکان یەکگرتووبن و ببنەوە بە هێزی ڕاستەقینە لە لایەن دنیای دەرەوەش ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. ئێستا ڕۆژئاوا خەریکی سیاسەتێکە کە دەسەڵات لە بناژۆخوازەکانەوە بگوازنەوە بۆ ریفۆرمخوازان. ئەگەر گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ریفۆرمخوازان جێبەجێ بێ، ئەوە تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی دیکە درێژ دەکرێتەوە. بەم پێیە دەبێ حیزبەکان یەکگرتووییەك لە نێوان خۆیاندا پێك بێنن و نەهێڵن وەك شەترەنج لە سەر چارەنووسمان مامەڵە بکرێ. کۆماری ئیسلامی جێگەو پێگەی جەماوەریی نیە، خەڵك خوازیاری ئازادی و دیموکراسییە، بۆیە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ سەر بکەوێ و ئێمەش پێویستە هەوڵەکانمان یەك بخەین و نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، خەڵك سەرکوت بکاو نەخشەو پیلانەکانی جێبەجێ بکا.

**کۆماری ئیسلامی لە هەر ئاواییەك لە هەر شوێنێك کە دیتوویەتی کەسانێك تەرد کراون و دزێون لە نێو کۆمەڵگە و دزو موعتادو درۆزنن کۆکردۆتەوەو لەوانەهێزی بەسیج و سوپاو... بۆ سەرکوتی خەڵك دروست کردوە. گەندەڵترین کەسەکانی نێو کۆمەڵگای کۆی کردوونەتەوەو دەیان ڕێکخراوی سەرکوتکەری پێیان دروست کردوە، ئایا ئەمانە ئەرازل و ئۆباش نین!؟**

# ٣ی ڕەشەممەی ٧٧و ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە١٠ ساڵی ڕابردوودا

**رامبود لوتف پووری**



١٠ ساڵ پێش ئێستاو دوابەدوای قۆڵبەست کران و ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لایەن تیرۆریستە مرۆڤ ڕفێنەکانی دەوڵەتی تورکیەوە شەپۆلێکی بەرین لە ناڕەزایەتی دەربڕین و ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەك زۆر شوێنی دیکەی کوردستان و جیهان گرتەوە. زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ورمێ و مەهاباد و بۆکانەوە بگرە تا دەگاتە سەقزو سنەو کرماشان بوون بە گۆڕەپانی ڕاپەڕین و خۆپێشاندانی بەربڵاوی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی کورد. لوتکەو خاڵی وەرچەرخانی ئەم ڕاپەڕینانە، ڕاپەڕینی خەڵکی سنە بوو کە دەیان شەهیدو بریندارو سەدان قۆڵبەستکراوی لێکەوتەوە. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی شرۆڤەیەکی ئەو ڕاپەڕینەو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بکەین، پێش هەموو شتێك پێویستە ئاوڕ لە بەستێن و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕاپەڕینە بدەینەوە.

کوردستان بە پێکهاتەیەکی حەشیمەتیی لاوەوە لە لایەك لە ژێر زەختی ئابووریدا بوو و خەڵك توانای دابین کردنی زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی خەڵك بەرز ببوەوەو خەڵك لە ماف و ئازادییەکانی خۆی تێگەیشتبوو، دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بە بەرتەسك کرنەوەی ئازادییە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان زەختێکی لە ڕادەبەدەری لەو بوارانەدا خستبووە سەر. بۆیە کۆمەڵگەیەکی ڕادیکاڵ و ئارمانجخوازو هوشیار بەرانبەر بە ماف و ئازادییەکانی، لە ژێر زەختێکی هەمەلایەنەی ئەوتۆدا بەستێنێکی تەواو لەبارە بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی جەماوەریی. لەم کاتەدا تەنیا شتێك کە بۆ دەسپێکی ئەو ڕاپەڕینە پێویستە فاکتەرێکی خێرایی بەخشی وەك ڕووداوو پێشهاتێکی بزوێنەرە کە ببێتە کاتالیزۆرو وەك شقارتەیەك ئەو بەنزینخانەیە بتەقێنێتەوە. ئەو فاکتەرە گیرانی ئۆجەلان بەو شێوە نامرۆڤەیانە بوو. پێشاندانی سیمای دەست و چاو بەستراوی ئۆجەلان و خۆڕانانی سەرکردەکانی تورك بەو سەرکەوتنەیان، غوروورو هەستی نەتەوەیی خەڵکی چەوساوەی کوردی ئەوەندەی دیکە خەوشەدار کردو هەموو برینەکانی ئەو نەتەوە ستەم لێکراوەی هێنایەوە سۆ. کەوابوو دەتوانین بێژین گیرانی ئۆجەلان لەگەڵ ئەوەی کە وەك گیرانی سەرکردەیەکی کورد بە دەستی دوژمنەکانی، لە خۆیدا خەفەت هێنەرو هەوێنی تووڕە بوونە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بوو بە بیانوویەك بۆ ئەوەی کە خەڵك زوخاوی خۆی بە سەر دوژمنەکەیدا هەڵبڕێژێ و داوای ماف و ئازادییە پێشێل کراوەکانی بکا. بەم شێوەیە ڕاپەڕینەکە دەستی پێکردو خەڵك لە ئاستێکی کەم وێنەدا ڕژانە سەر شەقامەکان و دەنگی دروشمی مافخوازی و بێزاری لە داگیرکەران زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا بەشێك لە پرۆسەکەیە، بەشەکەی دیکە بۆشایی هێزێکی ڕێکخەر بوو کە ئاراستە بە ڕاپەڕینەکە بداو وەك ڕاپەڕینێکی هوشیارانەو ئامانجدار بیکا بە بەشێك لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان. بەداخەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیانتوانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە کە زۆرێك لە شارەکانی کوردستانی گرتبۆوە بکەن بە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوو ئامانجدار.

**ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە نێوان ئەم ١٠ ساڵەدا:**

وەك باسمان کرد هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو قۆناغەدا نەیانتوانی ڕۆڵێکی ئەکتیف و کاریگەر بگێڕن و ئاراستە بە ڕاپەڕینەکە بدەن. بەڵام چاوەڕوان دەکرا ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەرییە بکەن بە ئەزموونێك و بە خوێندنەوەیەکی وردترو ڕاستبینانە لە کۆمەڵگەی کوردستان، هێزەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، پێکهاتەو چین و توێژەکانی، سایکۆلۆژی و ڕوانگەکانی خەڵکەکەی، ڕەوت و ئاراستەی گۆڕانەکان و بە گشتی دەرفەت و دەرەتانەکانی خەبات بناسن و شرۆڤەیان بکەن. ئینجا بەرهەمی ئەو شرۆڤەیە بکەن بە پرۆژەیەکی شێلگیر بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان و ئامادە کردنی بۆ قۆستنەوەی هەلەکانی داهاتوو. چونکە وەك دەزانین هەر کۆمەڵگایەکی هوشیارو ئاشنا بە ماف و ئازادییەکانی کاتێك دەتوانێ هەلەکانی سەرکەوتن لە خەباتدا بقۆزێتەوە کە ڕێبەرێکی شارەزاو خاوەن پرۆژەی بۆ ڕێکخستن و کانالیزە کردنی وزەو پوتانسێڵەکانی هەبێ. کەچی بەداخەوە ڕێبەرایەتیی کورد لە نێوان ئەم ١٠ ساڵەدا نەیتوانی لەهەمبەر ئەم ئەرکە سەرکەوتوو بێ. بە ڕاوەستانی بە کردەوەی شەڕی چەکداری لە نیوەی دەیەی ٧٠ی هەتاویدا، حیزبە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بدۆزنەوەو خەباتی تاك ڕەهەندیی ئەم حیزبانە تووشی نوشوستی هات و سیاسەتی چاوەڕوانی بوو بە نێوەڕۆکی هەموو هەڵوێست و ستراتژییەکیان.

بە گشتی ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی کورت بارودۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە نێوان ئەم ١٠ ساڵەدا شرۆڤە بکەین، دەتوانین وەك هاوکێشەیەکی ببینین کە ٣ فاکتەری بگۆڕ (متغیر)ی سەرەکی هەیە:

یەکەم: فاکتەری خەڵك واتە ئامادەیی کۆمەڵگەی کوردستانە، وەك دیتمان ڕاپەڕینی ڕەشەممەی ٧٧ تەنیا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەو کاتەوە تا ئێستا نەبووە. بەڵکوو لە چەندین دەرفەتی دیکەشدا لە شارەکانی کوردستان خەڵك هاتنە سەر شەقام و دژ بە داگیرکەر ڕاپەڕین. کە گەورەترینیان ڕاپەڕینی ساڵی ٨٤ی خەڵکی مەهاباد بوو کە دوای شەهیدکرانی شوانەی سەید قادر دەستی پێکردو لە ماوەیەکی کورتدا شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوەو پتر لە مانگێك بەردەوام بوو. سەرەڕای ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانە، خەبات و چالاکیی سیاسی لە بوارەکانی دیکەی وەك: خوێندکاران، ژنان، کرێکاران، ڕۆژنامەوانان و... بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەندو سەرەڕای زەخت و سەرکوتی توندی ڕێژیم بەردەوام و بەرفرەتر بووەتەوە، کە هەموشیان گەوهەرێکی نەتەوییان هەیە. هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونەتە خاوەن ئاستێکی بەرز لە هوشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کە هاوسۆزی و یەکگرتوویییەکی ناسیۆنالیستی بەرهەم هێناوە.

دووهەم: فاکتەری ڕێبەری، واتە هەبوونی ڕێبەرییەکی شارەزاو ئەکتیڤە کە بتوانێ ڕێنوێن و ڕێکخەر بێ و بەردەوام خاوەن پرۆژە بۆ خەبات و ئەڵترناتیڤ بۆ دەربازبوون لە بنبەستەکان بێ. ئەگەر ئەوە قبوول بکەین کە لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان دا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن کە جڵەوی بزووتنەوەی کوردیان بە دەستەوەیە. ئینجا دەبێ بزانین لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەم حیزب و ڕێکخراوانە تا چەندە توانیویانە ڕۆڵیان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەبێ و باندۆریان بە سەر ڕووداوو گۆڕانکارییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە هەبێ. ئەم حیزبانە کە هەموویان ستراتیژی خەباتی چەکداری ئەویش خەباتی شاخیان پێڕەو دەکرد، بە پێی سروشتی ئەو شێوە خەباتە کە زۆرتر پشت بە هێزی ئاشکرا دەبەستێ، گرینگییەکی ئەوتۆیان بە شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەت نیوە ئاشکراو نهێنی نەدەداو ئاشنای مێتۆدەکانی دیکە نەبوون. بۆیە کە ڕێگەی خەباتی شاخیان لێ داخرا بە هۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی ستراتیژیستەوە دەستەوەستان بوون و کەوتنە دۆخی پاسیڤ بوونەوە. ئەم دۆخە بەرە بەرە نەك هەر لە ڕووی فیزیکییەوە بەڵکوو لە باری گوتارو ئینتیمای سیاسی و توانای ڕێکخستن و قەیرانسازی و بە گشتی لە باری ڕێبەریی بزووتنەوەوە، حیزبەکانی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور خستەوەو تووشی کزی و پەراوێز بوونی کردن. بۆیە دەبینین کەمترین باندۆریان بە سەر هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو و بە بێ هێچ پرۆژەو ئاڵترناتیڤێك بوونەتە حیزبگەلی دروشم و ڕاگەیەندراوو پرۆتیستۆ کردن. بۆیە تەنانەت ڕاپەڕینی ڕەشەممەی ٧٧یش نەیتوانی ببێتە هەوێنی دروست بوونی هێڵێکی هزری نوێ بۆ قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان. هەر بەم پێیە لە ڕووداوەکانی دواتریشدا بە تەواوەتی بێ پرۆژەو لاواز دەرکەوتن.

سێهەم: فاکتەری هەل و دەرفەتە، واتە ڕووداوێکی وەك شەهید بوونی شوانە سەید قادر یان گۆڕان و ڕووداوێك لە ئاستی ئێران یا ناوچە یا تەنانەت نێونەتەوەییدا هەلومەرجێکی نائاسایی بەڵام بە قازانجی بزووتنەوەی کورد دەخولقێنێ کە ئەگەر کومەڵگە هوشیارو ئامادە بێ و ڕێبەریی بزووتنەوە لە کاتی خۆیدا بیقۆزێتەوە، دەتوانێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان یا دەسکەوتێکی گەورە بۆ شۆڕش. ئەم فاکتەرە کاتێك وەڵام دەداتەوە کە دوو فاکتەرەکەی دیکە ئامادەو لەبار بن. کەچی بەداخەوە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا ئەگەرچی فاکتەری یەکەم واتە هۆشیاری و ئامادەیی کۆمەڵگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر بووەو گەشەی کردوە بەڵام فاکتەری دووەم واتە ڕێبەریی ستراتیژیست و ئەکتیف ون بووە. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە ئەکتیڤەو بە هەموو هێزەکانییەوە بە گژ داگیرکەردا دەچێتەوە و نرخ بۆ خەباتەکەی دەدا، حیزبە سیاسییەکان لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا کەوتبوونە مملمڵانێیەکی نامەعریفی و ناڕەوا لە سەر دەسەڵاتێکی وەهمی و بەرانبەر بە داگیرکەریش پاسیڤ و بێ پرۆژە. لە کاتێکدا کە گیانی نەتەوەیی بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵەو ئەنتیگراسیۆن و یەکگرتوویییەکی بەرچاو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بەدی دەکرێ و شارەکانی کوردستان لە ڕاپەڕینەکاندا بە هانای یەکترەوە دێن. لە حیزبەکاندا دیاردەی باندبازی و ناوچەگەری پەرەدەستێنێ و یەك لە دوای یەك تووشی لێکترازان و لەتبوون دەبن و تا ئێستاش بەرە یا کوالیسیۆنەکیان بۆ پێك نەهاتووە.

لە کاتێکدا خەڵك لێبڕاوانە داوای مافە نەتەوەییەکانییان دەکەن (هەر لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە ژێر سێبەری دیکتاتۆری و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا داکۆکیان لە زمانی زگماکیان دەکردو تێکڕا سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"یان دەخوێند) و زۆرترین نرخی بۆ دەدەن، حیزبەکانیش سیاسەتی چاوەڕوانییان گرتبووە بەرو خەریکی ئێرانچێتی بوون و بە شەرمەوە باسی مافە نەتەوەییەکانی کوردیان دەکرد.

کەوابوو بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا چ کەلێنێك لە نێوان خەڵك و ڕێبەرییەکەیاندا دروست بووە. لە ڕاستیدا ڕێبەریی واتە حیزبەکان کەوتوونەتە پەراوێزی بازنەکەوە. کە ئەمە لە خۆیدا یەکێك لە سەرەکیترین هۆیەکانی سەرنەکەوتنی دۆزی کوردو بێ ئاکام مانەوەی ڕاپەڕینەکانییەتی. بۆیە پێویستە حیزبەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ سەنتەری بازنەکەو ببنەوە بە چەقی خەبات و گۆڕانکارییەکان. ڕەنگە دیسان نموونەگەلێکی وەك ٣ی ڕەشەممەی ٧٧ ڕوو بدەنەوە، حیزبەکان دەبێ وریاو لە سەر هەست بن پێش هەموو شتێك دەبێ لە سیاسەت و پێکهاتەیاندا ریفۆرم بکەن، دەبێ ئازایانە مێتۆدی نوێ و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا لە حیزبایەتی و خەباتدا بێننە ئاراوەو لە تاقیکردنەوەیاندا بوێربن. چ بە شێوەی حەقیقی و چ بە شێوەی مەجازی دەبێ ئامادەبوونیان لە گۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ. پێویستە بە پرۆژەو ستراتێژییەکی ئەکتیڤەوە بچنەوە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی وڵات. دەبێ گوتارێکی ڕوونی نەتەوەیی هەڵبگرن و بۆ ڕێبەریی کردنی بزووتنەوەی نەتەوەکەیان یەکدەنگ و یەکگرتووبن.

لە کۆتاییدا، ئەوەی کە جێگای هیواو هەوێنی گەشبینییە تێگەیشتنی هەندێك لەم حیزبانە لەم ڕاستییانەو هەوڵدان بۆ گۆڕانکارییە. بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لە دوای چواردەیەمین کۆنگرەی خۆیەوە ڕەوتێکی نوێی لە خەبات دەست پێکردوەو لە هەوڵی پێداچوونەوەو گۆڕانکاریدایە. بەرە بەرە ئەم حیزبە خەریکە ببێتە یەکێك لە فاکتەرە چالاك و کاریگەرەکان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەگەرچی هێشتا لە سەرەتادایەو کەموکۆڕیشی کەم نین، بەڵام کەوتۆوتە سەر هێڵی نوێبوونەوەو پێشکەوتن.

**لە لاپەری "ئازاد"ی ئەم ژمارەیەدا گوشەی "پەیڤ" بڵاو ناکرێتەوە.**
**"کوردستان"**

# بنچینەکانی رۆژئاواناسی

یان بوروما * | و . بۆ فارسی: عەلی محەممەد تەباتەبایی | بەشی یەکەم | و بۆ کوردی: میران کۆچەر

کاتێك کە رۆژئاوا دەکەوێتە بەر پەلاماری سوپایی، وەك ئەوەی لە ١١ی سێپتامبردا رووی‌دا، زۆرتر نەك لە خودی ئەمریکا بەڵکوو لە هەموو جیهان دا گریمانە دەکرێ کە مەبەست لە رۆژئاوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ئەمە لافی چەپەکانە، واتە کەسانێك کە لەو بڕوایە دان سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا (یان هەمان" ئیمپریالیسم") و هێزی ئابووریی ئەو( هەمان" جیهانی کردن") بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بۆمبدانەرە خۆکوژەکانو خەباتکارانی پیرۆز (لە راستی‌دا خەباتی پیرۆز . وەرگێڕی کوردی) ، واتە کاتێك کە ئەمریکا هەزاران کەسی لە سەرانسەری جیهان خستۆتە پەراوێزەوەو لە مەترسیی خستوون، مرۆڤگەلێك کە لە سودمەندبوون لە سیستمی سەرمایەداری بێ بەش بوون. بەڵام ئەم لافەی پێشوو خۆپارێزەکان (کۆنسێرڤاتیڤەکان)یش دەگرێتەوە، کەسانێك کە پێیان وایە بونیادگەرایی ئیسلامی وەك نموونەکەی پێش خۆی واتە کۆمۆنیسم، هێرشێکە لە دژی"بایەخەکانی" ئێمە لە رۆژئاوا یان هەمان "شێوە ژیانی ئەمریکایی."

دیارە دەبێ قبووڵ بکرێ کە لە هەردووکی ئەم لافانەدا هێندێك حەقیقەت هەیە. پانتایی جیهانیی واڵ ستریت، هالی‌وودو هێزە سوپاییەکانی سوپای ئەمریکا دنەدەری رەنجانو دڵگران بوونو تا ئەو جێگەیەی کە ئەم جۆرە رێکخستنانە بە نوێنەری شێوە ژیانی ئەمریکایی لەقەڵەم بدرێن لە راستی‌دا دەبنە ئامانجگەلێك بۆ جیهانی ئیسلامی . کەواتە راستە کە دەکرێ سیاسەتی دەرەکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵە بێ‌و رەنگیشە دڕندانە. سەرمایەداریی جیهانی هەم دەتوانێ زیانی زۆری لێ بکەوێتەوەو هەمیش، سوود. لە کۆتایی‌دا وڵاتە یەکگرتووەکانی‌ئەمریکا بۆتە تەنیا زلهێزی رۆژئاوایی‌و بەکردەوە بۆتە سیمای رۆژئاوا وەك گشتێكو وڵاتانی وەك ئیسرائیل کە وەك نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێن دوژمنایەتیەکی توند ئەویش تەنیا بەم هۆیەوە دەورووژێنن.

هەرچەند ئەو جۆرە توندوتیژییە کە ئێستا رووی لە ئامانجە رۆژئاواییەکانە، لە ناوەندی بازرگانی جیهانییەوە بگرە تا دیسکۆتی لە بالی، تەنیا لە ئەمریکادا کورت نابێتەوە. هەروەها ناتوانین تەنیا ئەوان لە لایەنەکانی ئابووریی جیهانی دا کورت بکەینەوە. تەنانەت ئەو کەسانەی کە بەڵگەیەکی باشیان هەیە بۆئەوەی هەژاریی خۆیان بگەڕێننەوە بۆ شێوازە توندوتیژەکانی سەرمایەداریی‌و پشتگیری‌کراو لە لایەن ئەمریکاوە کەمتر وایە کە لە شوێنەگشتیەکان دا خۆیان بە بۆمب بتەقێننەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکی ئاسایی بکوژن. ئێمە تا ئێستا سەبارەت بەو بۆمبدانەرانەی کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی "رێو"یان بانکۆکەوە هاتبێن شتێکمان نەبیستوە. لە راستی‌دا لێرە بابەتێکی دیکە لە گۆڕێ دایە کە ئاویشامارگارلێت (Avishai Marglit) کەسێك کە هاوکاریی ئەوم کردوە بۆ نووسینی کتێبێك بە ناوی رۆژئاواناسی )و منو ئەو بە رۆژئاواناسی لە قەڵەم دەدەین: شەڕ لە دژی تێگەیشتنێکی تایبەت لە رۆژئاوا نە نوێیەو نە تایبەتی توندڕەوە ئیسلامییەکانە. جیهادییەکانی ئێستا رۆژئاوا وەك شتێك کەمتر نیشانەیەکی مرۆڤایەتی هەیەو ئەو شتەی کە دەبێ وەك شێرپەنجە لە نێو ببردرێ، چاو لێ دەکەن. ئەم فکرە بنچینەگەلێکی مێژوویی هەیە کە زۆر تەمەن درێژترە لە "ئیمپریالیزمی ئەمریکایی". لە رابردوودا دوژمنایەتییەکی هاوشێوە ئەگەرچی هەمیشە کوژەر نیە . هەر بەو رادەیە سەبارەت بە بریتانیاو فەڕانسە لە گۆڕێ دابووە کە رووی لە ئەمریکایەو کەواتە بیرۆکەی رۆژئاواناسیی رۆژئاوا چیە؟

ئەمە گرفتێك بوو دەستەیەك لە کەسایەتیە رووناکبیرییە ناسراوەکانی ژاپۆنی کە ساڵی ١٩٤٢لە کیوتۆ کۆبوونەوە، توورە کردبوو. هێرشی سوپایی بۆ پیرل هاربور هۆکاری رواڵەتیی پێك هاتنی ئەم کۆنفرانسە نەبوو، بەڵکوو بیرۆکەی سەرەکی‌و شاراوەی ئەو، دۆزینەوەی پاساوێکی ئیدیۆلۆژیکی بوو. بۆ ئەو ئەرکەی ژاپۆن دەیهەویست بە ئەنجام گەیاندنی ئیمپراتۆریی رۆژئاوا لە ئاسیا تێك بشکێنێ‌و جێگەی بگرێتەوە. تەوەری سەرەکیی باسەکە ئەوە بوو کە" چۆن دەتوانن بە سەر مودێرنیتە دا سەرکەون". مۆدێرنیتە ئەو شتە بوو کە پێوەندییەکی لە پچڕان نەهاتووی لە گەڵ رۆژئاوا هەبوو.

لە روانگەی بەشداربوویەکی ژاپۆنیەوە رۆژئاوایی کردن وەك نەخۆشیەك وابوو کە رۆحی ژاپۆنی ئالوودە کرد. لە روانگەی یەکێکی دیکەوە "هەرشتێکی نوێ" هاوتا بوو لە گەڵ "شتێکی رۆژئاوایی". ئەوانی دیکە لەو بڕوایە دابوون کە "ئەمریکایی خوازی وەك دوژمن وایە ژاپۆن دەبوو لە گەڵ ئورووپاییەکان یەك بگرێ‌و لە شارستانەتیی کۆن لە بەرانبەر دنیای نوێ‌دا بەرگری بکا" (دیارە نابێ گومانمان هەبێ کە ئەو قسانە لە ئورووپاش کڕیاری هەبوو). سەبارەت بە پسپۆڕگەریی ناسلامەتی زانست کە تەواوێتی رۆحی کلتووری رۆژهەڵاتی لەت لەت دەکا زۆر قسە کرا. هەر بۆیە زانست بەخراپ دەزانرانو هەر بەم شێوەیە سەرمایەداری‌و راکێشرانو دڵبەستەیی کۆمەڵگەی ژاپۆنی بە تیکنۆلۆژی‌و هزری ئازادیی تاکەکەسی‌و دێموکراسیش. ئەوشتانە بوون کە بۆ" سەرکەوتن" بەسەریان دا دەبوو لە سەرەوەی ئەرکەکان دابنرایە.

راستە ئەم دەستەواژانەو شێوە دەربڕینە، ئەوانی دیکەش کەڵکیان لێ وەرگرتووە، لە شوێنو کاتی دیکەدا. خوێن، خاكو رۆحی "نەتەوە" ئەو شتانە بوون کە رۆمانتیکە ئاڵمانییەکانی لە کۆتایی سەدەی ١٨و سەرەتای سەدەی ١٩دا بە دژی ویستە جیهانداگەرەکانی رۆشنگەری فەڕانسەیی، شۆڕشی فەڕانسەو سوپای داگیرکەری ناپلئۆن وروووژاندبوو. خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ لە رۆحی نەتەوەیی ئیسلاوڤی لە رووسیەکانی سەدەی ١٩یش کاریان پێ‌کردوە، واتە ئەو کەسانەی کە بۆ هێرش بۆ سەر "رۆژئاواگەراکان" کە مەبەست لەوان لایەنگرانی چاکسازیی لیبراڵی بوو کەڵکیان لێ‌وەرگرتبوو. ئەم حاڵەتە زۆر جار هاتۆتە پێشێ، لە دەیەی٣٠ی سەدەی رابردوودا، کاتێك کە فاشیستەکانو سوسیالیستە نەتەوەخوازەکانی ئاڵمان بە شوێن رێگەیەك دا بۆ تێکشکاندنی "ئەمریکا خوازەکان" ،" لیبراڵە ئانگلۆساکسۆنەکان" و "جیهان نیشتمانە بێ‌ریشەکان" (واتە جوولەکەکان)دەگەڕان. زانای گەورەی مەجارستانی ئاورێل کۆلنای (Aurel kolnai) لە دەیەی ٣٠ ی سەدەی بیستەم دا سەبارەت بە ئیدیۆلۆژیی فاشیزم لە ئۆتریشو ئاڵمان کتێبێکی نووسی‌و ناوی"شەڕ دژی رۆژئاوا"ی لە سەر دانا.کۆمۆنیسم، لە قۆناغی دەسەڵاتداریێتیی ستالین دا لەگەڵ ئەوەی کە بە رۆڵەی دەورەی (دوو تۆرەمە)ی رۆشنگەری‌و شۆڕشی فەرانسە لە قەڵەم دەدرێ، بوو بە دوژمنی سوێند خواردووی لیبرالیسمی رۆژئاوایی و"جیهان نیشتمانە بێ ریشەکان". زۆر لە توندڕەوە موسوڵمانەکان چەمکە دژە رۆژئاوایەکانی خۆیان لە روسیەو ئاڵمان وەرگرتووە.

بناخەدانەرانی حیزبی بەعسی سوریە لە خوێنەرە شێلگیرەکانی تیۆریە نژادیەکانی ئاڵمانی پێش شەڕ بوون. جەلالی ئالی ئەحمەد رووناکبیری ئێرانی‌و خاوەن نفوز لە دەیەی ٦٠دا واژەی "رۆژئاواچی"(غرب زدگی )ی داتاشی، تا بتوانێ شوێنەواری زیانباری شارستانەتیی رۆژئاوا بۆ سەر فەرهەنگەکانی دیکە وێنا بکا. ئەویش لە ریزی ئۆگرەکانی تیۆری ئاڵمانیی خوێنو خاك دا بوو.

بێ گومان وێنا کردنی رۆژئاوا وەك هێزێکی جەوهەر خراپ‌و زیانبار بیرۆکەیەکی رۆژهەڵاتی یا رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نیە، بەڵکوو ریشەیەکی قووڵی لە خاکی ئورووپادا هەیە واتا کردنو سنووردار کردنی لە دەستەواژە مێژووییەکان دا کارێکی ساکار نیە. رۆژئاواناسی بە دڵنیایەوە بەشێك بوو لە رەوتی دژە رۆشنگەری، بەڵام وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر سنعەتی کردن دا. هێندێك لە مارکسیستەکان بۆ لای ئەوە کشان، بەڵام دیارە، دەبێ دوژمنەکانی ئەوان لە جەمسەری راست دا بدۆزینەوە. رۆژئاواناسی شۆڕشێکە لە بەرانبەر ئاوەزگەرایی (مرۆڤی ساردو سڕو مکانیکیی رۆژئاوایی‌و شارستانەتیی ماشینی)و بە دژی سیکولاریزم، هەروەها لە دژی ئاوەزگەرایی. بەڵام کاتێك دەتوانین قسە لە رۆژئاواناسی بکەین کە دژە شۆڕشی رۆژئاوا شێوازێکی تەواو وێرانکەری هەبێ، کاتێك کە رۆژئاوا وەك شتێکی کەمتر مرۆیی وێنا دەکرێ‌و کاتێك شۆڕش واتایی مرۆڤ کوژیی هەیە.

لە هەر جێگەیەك بتوانرێ رۆژئاواناسی بدۆزرێتەوە، بە هۆی چەمکێك لە خۆبەکەمزانی‌و شکەستەوە تەیار دەکرێ. ئایزایا بێرلین جارێك بەم شێوەیە شۆڕشی ئاڵمانی لە دژی ناپلئون پێناسە کرد: "نموونەیەکی رەسەن لە پەرچەکداری کۆمەڵگەیەکی زۆر دواکەوتوو، چەوساوە، یان کۆمەڵگەیەك کە لە ژێر کارتێکەری هەستی ژێر دەستەبوون دایەو بە سەرنج دان بە رەنجانێك کە لە ژێردەستیی رواڵەتی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیەتی، بەگەڕانەوە بۆ سەرکەوتنە راستەقینە یان دەسکردەکانو شکۆو مەزنیی رابردوویان بە هۆی تایبەتمەندییە ئێرەیی هێنەرە نەتەوەیی‌و فەرهەنگییەکانی خۆی پەرچەکردار نیشان دەدا."

راست هەر ئەم گوزارەیەش دەتوانرێ سەبارەت بە ژاپۆنی دەیەی ٣٠ی سەدەی بیستەم بەکار بهێنرێ . واتە نزیکەی دوای سەدەیەك هەست کردن بەوە کە سەرنجی نەدراوەتی‌و ژێر دەستەی رۆژئاوا بووە، رۆژئاوایەك کە ژاپۆن هەوڵی دەدا بە تەواوی لاسایی دەسکەوتەکانی بکاتەوە. ئەگەر سەبارەت بە رووسیەش کە زۆرتر لە رۆڵی تازە بەسەر داکەوتوویەکی پلە نزم دا لە سنوورەکانی ئاسیاو ئورووپای‌دا لە ململانێ دا بوو. بەڵام هیچ شتێك ناتوانێ بگاتە ئەو وێنای شکستو بە کەمگرتنەی کە جیهانی عەرەبی داگرتبوو، شارستانەتییەك کە سەردەمێك شکۆمەندییەکی زۆری هەبوو. بەڵام ئێستا لە هەموو بارێکەوە لە پاش رۆژئاوای پێش رۆشنگەری بە جێ‌ماوە .

هەست کردن بە بچووك بوون زۆر بە سانایی دەتوانێ ببێتە ئاینێك لە پاکی‌و رەسەنایەتی. لە نێو تایبەتمەندییە ئازاردەرەکانی رۆژئاوادا کە بۆتە هۆی بێزاری‌یەکانیش لافی جیهان داگربونیەتی. مەسیحیەت بڕوایەکی جیهانگرەوەیە، بەڵام بڕوای رۆشنگەری بە ئاوەزگەراییش بەم جۆرەیە. ناپلئۆن لایەنگرێکی جیهانگەرایی بوو کە بڕوای بە رێوشوێنو یاسا ژیارییە جیهانگرەوەکان بۆ هەموو هاووڵاتییە ژێردەسەڵاتەکانی هەبوو. ئەم بڕوایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نوێنەری بایەخە جیهانگرەکانەو ئەرکێکی خوایی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی دێموکراسی ئەویش لە جیهانێك دا کە گیرۆدەی تاریکی‌و نەزانییە، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان نەریتی جیهانگەرایی. هێندێك لەو بایەخانە بە راستی دەتوانن جیهانگرەوە بن. دەتوانین وابێنینە بەر چاومان کە هەموو مرۆڤەکان لە دێموکراسی یان کەڵك وەرگرتن لە ئاوەز بەهرەمەند بن. یاسا ناپلئۆنییەکان سوودی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنا. بەڵام کاتێك کە رێگەچارە جیهانگرەوەکان بە زۆر بسەپێنرێن یان کاتێك کە خەڵك هەست بکەن کە کەوتوونەتە مەترسییەوە یان بە کەم دانراون یان رکەبەریان لەگەڵ ئەو هێزانەی پشتیوانی لەو رێگەچارانە دەکەن نیە، ئەمە بەو واتایەیە، کە ئێمە شایەدی گەڕانەوەیەکی مەترسیدارین بۆ رووبەڕووبونەوەی پاکداوێنی‌و پاکی.

دیارە تەواوی خەیاڵەکانی رەسەنایەتیی ناوچەیی‌و بێ هاوتایی فەرهەنگی زیانهێنەر یان هەڵە نین، هەروەك ئایزایا بێرلینیش ئاماژەی پێ‌کردوە، ئەستوونی چەماوەی مرۆڤایەتی بەبێ هاوهەنگاوی‌و بەزۆر بە ستاندارە جیهانداگرەکان راست نابێتەوە. ئەو ئەزموونانەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ رۆحی مرۆیی بوویانە دەری دەخا کە خیاڵە جیهانداگرەکانی ئێمە تا چەند دەتوانێ پڕ لە دوژمنی بێ‌و هەستە شاعیرانەکانی سەدەی ١٩ی ئایدیالیستە ئاڵمانییەکان زۆرتر دەوایەکی بە جێ‌و شیاو بوو بۆ ئاوەزگەریی دوگمخواز کە لەگەڵ رۆشنگەری‌دا هات .

**رۆژئاواناسی شۆڕشێکە لە بەرانبەر ئاوەزگەرایی (مرۆڤی ساردو سڕو مکانیکیی رۆژئاوایی‌و شارستانەتیی ماشینی)و بە دژی سیکولاریزم، هەروەها لە دژی ئاوەزگەرایی**

## پێشەنگانی هزری دیمۆکراسی

ن: حوسێن بەشیریە
و. بۆ کوردی: ئامانج

(٤)

ژان ژاك رۆسۆ(١٧٨٨ـ ١٧١٢)

رۆسۆ فیلسوفی فەڕەنسایی لە داکۆکیکەرانی گەورەی ئازادیی تاکەکەسی، دەسەڵاتدارێتیی خەڵكو دیموکراسی راستەوخۆ بوو. لە هەمان کات دا ئەو لە رەخنەگرە بەرایی‌و سەرەکییەکانی ئاوەزەگەرایی‌و رۆشنگەریی رۆژئاوایی بووو رەخنەی لە سەرانسەری کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی مۆدێرن گرت، هەر چەند ئەو رێگەچارانەی کە بۆ خۆی دەیخستە روو، لە سەر هەمان بنەماکانی ئاوەزگەرایی‌و رۆشەنگەری راوەستا بوون.

حکوومەتی دڵخوازی ئەو دێموکراسییەکی راستەوخۆ وکۆگەرایانە بوو کە لە لایەك لە سەر ئازادی‌و تاکگەرایی‌و هزری پەیمانی کۆمەڵایەتی‌و لە لایەکی دیکەوە لە سەر فەزیلەتی مەدەنی، ویستی گشتی‌و بەرژەوەندیی گشتی بەند بوو. رۆسۆ لە کتێبی "وتارێك دەربارەی سەرچاوەی نایەکسانی" دا باسی لەوە کردوە کە جەوهەری مرۆڤ پێڕەوی دوو وارسکە " غریزە" ی سەرەکی‌یە : یەکیان وارسکەی خۆویستی‌و ئەوەی دیکەیان وارسکەی هاوچەشن دۆستییە. سروشتی مرۆڤ بە دوای تێر کردنی ئەم دوو وارسکە دژ بە یەکەوەیەو تەنیا ویژدان دەتوانێ لە نێوان ئەو دووانەدا رێککەوتن بێنیتە ئاراوە. مرۆڤی سروشتی، مرۆڤێکە کە لەو دا ویژدان هاوسەنگیی لە نێوان دوو وارسکەی سەرەکی دا پێك هێنابێ. ئاوەزو کولتوورو کۆمەڵگە بە هانای ویژدانەوە دەچنو هاوسەنگیی رۆحیی مرۆڤ پتەو دەکەن. مرۆڤ لە " دۆخی سروشتی" ( بەر لە مەدەنی ) دا گیرۆدەی وارسکەی خۆویستییە، بەڵام لە دۆخی سروشتی‌دا هەر بە ئەرکداری دەکاو لەوانەیە وارسکەی هاوچەشن دۆستی لەو دا دەرکەوێ. بەڵام دۆخی مەدەنی بەم واتا دڵخوازە نەهاتۆتە دی و لە دۆخی مەدەنی ئێستای دا وارسکە یەکەم بە سەر مرۆڤ دا زاڵەو ئاوەزو کولتوورو کۆمەڵگەی ئێستا داگیر کردوە. سروشت کاتێك خۆی دەردەخا کە لەو دا وارسکەی یەکەم ملکەچ بووبێ‌و ویستی گشتی، واتە ویستی چاکەو بەرژەوەندیی گشتی‌و فەزیلەتی مەدەنی لەودا خۆی گرتبێ. دەوڵەتی ئایدیالیی رۆسۆ لە کتێبی " پەیمانی کۆمەڵایەتی" دا دەوڵەتێکە کە لەو دا هاووڵاتیان خاوەنی ویستی گشتی‌و فەزیلەتی مەدەنی بن.

پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆ، پەیمانێك نیە کە بە پێی ئەو یەکەمین کۆمەڵگەو دەوڵەت دروست بووبێ. بەڵکوو پەیمانێکە کە بە پێی ئەو کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئایدیالی و دێموکراتیك لە داهاتوودا پێك دێن. لەو کۆمەڵگەو دەوڵەتەدا، قانوون نوێنگەی ویستی گشتییەو لەم رووەوە هەمان ئازادییە. رۆسۆ دژی پارلمانتاریسمو بنەمای نوێنەرایەتی بوو. بە بۆچوونی ئەو پارلمان ناتوانێ نوێنگەی ویستی گشتی بێ. خەڵك بە ئەسپاردنی مافەکانی خۆیان بە نوێنەران، ئازادیی خۆیان لە دەست دەدەن، تەنیا هەموو خەڵك بە شێوەی راستەوخۆ دەتوانن دەربڕی ویستی گشتی بن. لەم رووەوە " دەنگی خەڵك، دەنگی خودایە".

# بزووتنەوەی ژنانی ئێران، راستییەکی حاشالێنەکراو

**باران**

زیاتر لە سەد ساڵ لە رۆژی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنان تێپەڕیوە. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بزووتنەوەی ژنان لە جیهاندا بۆ ئازادی و یەکسانی زۆر پێشکەوتنی بە دەست هێناوە. بە تایبەتی لە ولاتانی رۆژئاوادا ژنان لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆیی زۆرتریان لە بەڕێوەبردنی ژیان دا دەست کەوتوە. لە بوارەکانی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانیشەوە شاهیدی تێکۆشان و بەرەوپێش چوونیانین. مافی دەنگدان و زۆرمافی دیکە بۆ ژنان بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە رۆژئاواوە بە رەسمییەت ناسرا.

بەڵام لە ولاتانی وەك ئێران و ناوچەدا دەکرێ بڵێین بزووتنەوەکانی ژنان نەك پێشکەوتنی زۆریان نەبووە، بەڵکوو لە هێندێك بواردا پاشەکشەشیان پێکراوە. بە هۆی هاتنەسەرکاری رێژیمێکی کۆنەخوازی وەك کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بیروبۆچوونی کۆنەپارێزانە لەو ولاتەدا و تەنانەت لە ناوچەکەشدا پەرەی ستاند. بزووتنەوەکانی ژنان مەیدانی تێکۆشانیان بەرتەسك بۆوە. هێندێك لەو مافانە کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا وەدەستیان هێنابوو و، چارەنووسی ئەوانی بەرەو داهاتوویەکی روونتر دەبرد ، زۆربەیان هەڵوەشانەوە و لە جێگەیان یاسای کۆنەپەرستانەو سوننەتی و پڕ لە هەڵاواردن لە دژی ژنان پەسند کران.

کولتووری نێرسالاری و پڕلە ناعەدالەتی پەرەی سەند و هەلومەرجی ژیانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا بەرەو ناخۆشی چوو. ئەم سەرکوت و دژایەتییانە تا ئێستاش لە دژی ژنان بە توندترین شێوە بەردەوامن.

خەبات دژی فەرهەنگێك کە ریشەیەکی قووڵی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە زۆر دژوارە، پێویستی بە پشتیوانی و یارمەتیی دامودەزگای حکوومەت و یاسا هەیە کە ئەمەش پێچەوانەکەی بۆ ژنانی ئێران هاتە دی. بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەك کەمترین بوار بە خەباتی یەکسانیخوازی لە ئێران نەدرا بەڵکوو بە هەموو شێوە هەوڵ درا رێگە لە پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و ئازاد بگیرێ. بەڵام ژنانی ئێران لەمە ناهومێد نەبوون. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەو هەلومەرجە داسەپاوەیان قبووڵ نەکردوە و لەگەڵی لە بەربەرەکانی دا بوون.

بزووتنەوەی ژنانی ئێران ئەگەر لەگەڵ حکوومەتێکی سەرکوتکەر بەرەوڕووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو شانسەی هەیە کە لە دەورانێکدا دەژی گوتاری یەکسانیخوازی لە جیهاندا بۆتە گوتارێکی زاڵ و رەوا. بە هۆی پێشکەوتنەکان و دروستبوونی ئیمکاناتی پێوەندی گرتن لە جیهاندا ئەو بوارە بە ژنانی چالاکی ئێران دراوە تا لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان لە ولاتانی جۆراوجۆردا بکەونە وتووێژو، بیروڕاگۆڕینەوە، تا لە زانیاری و ئەزموونەکانی یەکتر کەڵك وەربگرن و کێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوان بێننە بەرباس. بە هۆی ئەم پێوەندییانە و جموجۆڵی زیاتر و گەڵاڵەکردنی خواستەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنییانە لەم سێ چوار ساڵەی دوایی دا لە هەموو کات زیاتر ئەم بزووتنەوەیە ناسراوە و بۆتە جێگەی سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان.

ئەگەرچی ژنانی ئێران دەزانن تا ئەو رێژیمە لەسەر کار بێ ناتوانن بە ئامانجە بنەرەتییەکانیان بگەن، بەڵام دەستیان لەسەر دەست دانەناوە. ئەوان چاویان لەوە نیە ئەم رێژیمە بڕووخێ جا ئەو کات بە مافەکانیان بگەن. بەڵکوو لە چوارچێوە و لە ژێردەسەڵاتدارەتیی ئەو رێژیمەش دا دژی نابەرابەرییەکان و بو سڕینەوەی نایەکسانییەکان خەبات دەکەن. بە هۆی ئەو خەباتەوە، ئەگەر نەشتوانن ویستەکانیان بە سەر سیستەمی دژەژن و پیاوسالار دا بسەپێنن، لانیکەم دەتوانن بەر بە چەوسانەوەی زیاتری خۆیان بگرن. دەتوانن بیری یەکسانیخوازی و کەلتووری تەسلیم نەبوون لە بەرانبەر بێ مافی و چەوسانەوەدا پەرە پێ بدەن. بوونی بزووتنەوەیەکی بە هێزی ژنان هەم ئاگایی دەدا بە ژنان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ و، هەمیش بڕوایان بە هێزی ژنان پتەو دەکا. هەم بیروڕای گشتیی دنیا لەو ستەم و نابەرانبەرییانە ئاگادار دەکاتەوە کە لە دژی ژنان لەئێراندا هەیە. ژنانی ئێران ئەو راستیە دەزانن، ئەگەر ئاگایی و ئامادەیی پێویستیان نەبێ و لە بزووتنەوەیەکی بە هێز بێبەش بن ، ناتوانن بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خۆیان شوێن لە سەر گۆڕان و رووداوەکانی داهاتوو دابنێن. هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەر دەسەڵاتێك لە سبەینێی ئێراندا بێتە سەرکار، ناتوانێ سەنگی ئەم بزووتنەوەیە نەبینێ و حیسێب بۆ خەبات و ویست و داخوازەکانی ژنانی وشیار و کۆڵنەدەری ئێران نەکا.






## رۆژنە

# هەڵمەتێك لە پێناو هەستانەوە دا

**عەلی بداغی**

ئەوەی ئەمڕۆکە چاوەدێران، رەخنەگران و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی نیگەرانیی زۆر کردوە، پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژی دیاردەی ئیعتیادو تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەی ئێران دایە.

ئەوەش کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاخۆ شکستی لە خەبات و بەربەرەکانیی دژی مادده هۆشبەرەکان و دیاردەی ئیعتیاد خواردوە یان ئەوەی کە لە بنەڕەت دا رێژیم خەباتێکی لێبڕاو و راشکاوانەو جیددیی دژی ئەو دیاردەیە نەکردوەو بە سیاسەت کردن لەگەڵ ئەو قەیرانە، قەیرانی ئیعتیادی بۆ تێپەڕینی لە قەیرانەکانی دیکەی قۆستۆتەوە، هیچ لەو راستی‌یە ناگۆڕێ کە خەسارەکانی ئیعتیاد هەردەم پانتاییەکی زۆرتر لە ژیان و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران داگیر دەکا.

لە سۆنگەی پەرەسەندنی ئیعتیادەوە رێژەی بێکاری، لادان و دەست بردنە بەر تاوانە کۆمەڵایەتی یەکانی وەك دزی، راکردن لە یاسا، توندوتیژی، خۆکوژی و تەڵاق و ... هەردێ و زێدەتر دەبێ و لەو لاش تەمەنی توشبوون بۆخوار ١٢ساڵ دادەبەزێ و بازاری بەربڵاوی بەکارهێنەران وای کردوە کە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان جۆرەها ماددەی هۆشبەری شیمیایی وەك کراك، کریستاڵ و شیشە لە دەرەوەی وڵات را بڕژێننە هەرێمی وڵاتەوە یان دەنا بۆ خۆیان لە لابراتوارە نهێنی و ژێرزەمینی یەکاندا بە ناخالسیی زۆرترەوە بەرهەمیان بهێنن و لە بازارەکانی ئێراندا بڵاویان بکەنەوە.

هەروەك گوتمان رێژیمی ئیسلامی تەنانەت بەدانانی بەرپرسانی بەناو ستادی بەربەرەکانی دژی مادده هۆشبەرەکان و هێزە ئینتزامییەکانی خۆی لە خەبات دژی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەدا تووشی شکست و ناکامی هاتوە، بەڵام لەو نێوەدا ئەوە ئەرکی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیەوەیە کە لە هەڵمەتێکی گشتی دا دژی پەرەسەندنی ئەو قەیرانەماڵوێرانکەرە بوەستنەوە.

خەبات دژی دیاردەی ئیعتیاد لە گشتییەتی خۆی دا بەسێ رەهەندی تایبەت دا تێ دەپەڕی و ئەو سێ شێوازە دەگرێتە بەر:

یەکەم : خەبات و بەربەرەکانی دژی بازرگانیی ماددەهۆشبەرەکان و رێگرتن و بەرگرتن لە بڵاو بوونەوەی لە کۆمەڵگەدا

دوویەم: دەرمان و چارەسەریی توشبووان و گەڕاندنەوەیان بۆ باوەشی خێزان و ژیان و کۆمەڵگە.

سێیەم: چالاکیی و شێوازەکانی بەرگرتن و پێشگیری لە تووشبوون و کەمکردنەوەی ئاستی داواکاریی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەدا.

خەبات دژی بازرگانیکردن و رێگرتن لە بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان کە پەرچەکردار و شێوازێکی توندوتیژ خوازانەیە، ئەگەرچی لە ئەستۆو لە توانای حکوومەت و دامودەزگاکانی بەڕێوەبەریی وڵات دایە، بەڵام لە باشترین حاڵەتی خۆی دا نەیتوانیوە بەر بە پەرەسەندنی ئیعتیادو وبڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بگرێ.

شێوازی دەرمانی و چارەسەریی توشبووانیش هەم ئاستەنگی گرینگی وەك کات و هەزینە و تێچووێ زۆری لە بەردەم دایە و هەمیش لە ئەو شیوازەدا دڵنیایی یەك لە ئاکام و سەرکەوتنی یەکجارەکیی بەدی ناکرێ. ئەم شێوازە لە خەبات پێویستیی بە نەخۆشخانەو ناوەندگەلی زۆری تایبەت بە وەرگرتنی موعتادەکان، سڕینەوەو پاکژ کردنەوەیان لە ژەهری هۆشبەرەکان، توانا بەخشینەوەو بەهێز کردنەوەی جەستەیی و دەروونیی موعتادەکان ولە دواجاریش دا کردنەوەی فێرگەی پیشەیی و دابنیکردنی کارو ژیان بۆ رێگرتنیان لە دووبارە تێهەڵچوونەوەیان بۆ داوی ئیعتیاد دایە کە ئەوەشیان بەگشتی ئەرك و وەزیفەی حکوومەتەو رێکخراوە ناحکوومی وngo کان لەم بوارە دا تەنیا دەتوانن رۆڵی نموونەیی و ئولگوویی ببینن.

بەڵام شیوازی بەرگیری و پێشگرتن لە تێوەگلان هەم تێچوویەکی زۆر کەمتری لە چاو شێوازەکانی ئاماژە پێکراو دەوێ و هەمیش هەرکەس لە بەر خۆیەوە دەتوانی پشکی گرینگی لەم هەڵمەتەی کۆنتڕۆڵ و بنەبڕکردنە دا هەبێ.

کەشی خێزان واتە دایکان و باوکان، مامۆستاکان لەقوتابخانەکان، راوێژکار و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ngoکان و دامودەزگاکانی وەك "بیهزیستی" دا و راگەیەنە گشتییەکانی وەك تەلەڤزیون و رۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەڕە ئینتێرنێتی‌یەکان دەتوانن بەهەست پێکردن بەو بەرپرسیارەتییە رۆڵی گرینگ لە وەستاندن و کۆنتڕۆڵکردنی ئەو قەیرانە و هەنگاوەکانی پاکژ کردنەوەی کۆمەڵگەو پاکژ راگرتنی کۆمەڵگەدا ببینن.

بەشێك لە هێڵە گشتی یەکانی ئەم هەڵمەتە گشتگیرە دەتوانێ ئەمانە بن:

ــ وشیارو وریاکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە مەترسی و خەسارو زیانەکانی ماددەهۆشبەرەکان.

- بایەخدان بە نۆرمە کلتووریی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگە و بە هێزکردنی بایەخە گشتی‌یەکان لە بەرانبەر بەها تاکەکەسی‌یەکاندا.

- پەروەردەی سەردەمیانەو کراوە هێشنەوەی رێیەك بۆ بەهاناوە چوون لە کاتی ئاستەنگ و قەیرانەکان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ دا.

- پشتگیری لە پەسندکردنی یاسای توندوتیژ دژی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و هەوڵدان بۆ یاسامەند کردنی ژیانی خەڵك.

- بەهێزکردنی و چەسپاندنی ئەو تێڕوانینەی کە موعتاد نەخۆشە نەك تاوانبار ونەخۆش پێویستی بە پێڕاگەشتن و دەرمان و چارەسەری هەیەو....

عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# ئەوەی ئێستا پێی دەنووسین زمانی یەکگرتووی کوردە

**دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سمیناری زمانی یەکگرتووی کوردی دا کە لە رۆژانی ١٣ و ١٤ی ژانویەدا لەلایەن بنکەی رۆشنبیری کاوەو سەنتەری ئاڵاوە لە شاری هەولێر پێك هات.**

**بەشی دووەم**

جاری دیکەم گوتووە رەنگە دووپات کردنەوە بێ بەڵام خراپ نیە. زۆر کەس پێی وایە ئەو زمانە بۆتە زمانی عەرەبان چونکە قورئان بەو زمانەیە. ئەمن دەڵێم نەخێر، قورئان بۆیە بەو زمانە هات چونکی ئەو وەختی زمانی عەرەبان بووە دەبوو



به زمانێك قورئان بێتە خوارێ کە خەڵکەکە لێی حالی بێ ئەوە ئەو زمانە بوو کە هەموو عەرەب لێی حاڵی دەبوون. جا ئەوە کە دوایە بە جورێکی دیکە پەرەی گرتوە جێگەی باسی من نیە. بۆ ئەوەی بزانین عەرەب پێش ئیسلام زمانی ستانداردیان هەبووە، باشە سەرنج بدەینە ئەو راستییە کە بەشێك لە گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی عەرەب کە ئێستاش شانازیی پێوە دەکەن، ئەدەبیاتی پێش ئیسلامی یان بە قەولی خۆیان ئەدەبی دەورانی "جاهلیت"ە کە بە نووسراوە بە جێ ماوە. ئەگینا ئەوانەی شارەزای زمانی عەرەبین دەزانن ئەم زمانە چەندی شێوازی جۆراوجۆر هەیە. رێگا بدەن ئەزموونێکی خۆمتان بۆ باس بکەم:

ئەمن عەرەبیم خوێندبوو، بە دەرس فێری بووم. کە هاتم بۆ عێراق و چوومە بەغدایە، لە بەغدا گەر بمویستبایە سواری تاکسی بم دەبوو داوا لە کەسێك بکەم بێ تاکسیم بۆ بگرێ. ئەو وەختی جگەرەم دەکێشا، دەبوو بڵێم پاکەتێکم جگەرە بۆ بکڕن. پاشان فێری ئەوە بووم کە پێی دەڵێن عەرەبی "جلفە" چوار ساڵ پێنج ساڵ دواتر وا رێ کەوت چوومە لوبنانێ. کە چوومە لوبنانێ لە فرۆکەخانەوە دەچووم بۆ نێو شاری بێرووت ئەوەی تاکسییەکەی لێ دەخوڕی هەر قسەی بۆ کردم و هەر قسەی بۆ کردم، لە ئاخیدا گوتم ئەرێ راستیت ناوێ! هیچت لێ حاڵی نابم. شاهیدێکی زیندووم هەیە مامۆستا سەلاح بەدرەدین. هاتم گوتم کاکە رەنجی پێنج ساڵانم بە فیڕۆ چوو بە پێنج ساڵان فێری هێندێك عەرەبی بووم ئێستێ لێرە دیسانەکە زمان نازانم. دیارە هێندێکی رێنوێنی کردم ماڵی ئاوەدان بێ. بەڵام بۆ زمانەکەی دیکە لە سەفەرێکی دیکەدا کە ئەمن سەری بێرووتم دا مامۆستا سەلاح بەدرەدین خانە خوێم بوو. دووبارە سپاسی دەکەم لە باتی ئەو دەمیش، چاوساغیشم بوو بۆ لای حیزبە سیاسییەکان. ئەو جارە بۆ کاری سیاسی و دیپلۆماسی چووبووم. کە دەچووین دەیانگوت چۆن قسان بکەین پێیان وابوو چونکە ئێرانیم دەبێ بە ئینگلیسی قسان بکەین. مامۆستا دەیگوت نەخێر زمان دەزانێ حەتا لوتفیشی کرد گوتی بەعەرەبییەکی مەلیح، شیرین قسە دەکا. بۆ؟ چونکە زمانی هەموان بووە لێی حاڵی دەبوون.

ئەمن واتێ دەگەم کە زمانی کوردی هەوڵی جۆراوجۆری داون بۆ ئەوەی زمانێکی هاوبەشی هەبێ بۆ هەموو بەشەکانی نەتەوەی کورد. ئەگەر دیققەت بکەین لە یەك دوو فەترەی تاریخیدا ئەوە دەبینین. مەسەلەن لە دەورانێکدا کە میرنشینی بۆتانمان هەبووە، شاعیرانی غەیرە کرمانج (مەبەستم کرمانجیی ژووروویە) دیوانیان، شێعریان بەو لەهجەیە نووسیوە. چونکە دەیانهەوێ میر، میری کوردان، ئیدارە، دەوڵەت لێی حاڵی بێ. دەورانێك تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان رەواجی هەیە. بە باوەڕی من گەورەترین ئەسەری ئەدەبی کوردی مەولەوی تاوەگۆزی دەیخولقێنێ بە هەورامی. چونکە پێی خۆشە خانەقا، شێخ لێی حالی بێ کە چ شاکارێکی خولقاندوە. ئەوە محاولەیە بۆ ئەوە کە ئەو زمانە دروست بێ کە هەموو لێی حالی بن. ئیستا کەمێك کەمڕەنگ بۆتەوە، یا بڵێین زۆر کەمڕەنگ بۆتەوە. بەڵام ئەمن لە بیرمە، منداڵ بووم، لە هەموو مەنتەقەکان را خەڵك دەهاتن بۆ زیارەتی خانەقای بیارەی کە دەهاتنەوە هەموویان قسەکانیان بە لەهجەکەی کە دەگەڵ شێخی دەگەڵ خەلیفەی قسەیان کردبوو بەو لەهجەیە دەیان گێراوە، فێری ببوون. کە وابێ ئەو هەوڵانەی داوە. بەڵام لە تاریخی تازەماندا کە دەتوانین بڵێین لە میرنشینی بابانەوە دەست پێ دەکا بە زۆر دەلیل و لە هەموان موهیمتر دەلیلی سیاسی ئەو لەهجەیە کە پێی دەڵێن کرمانجیی خواروو یان بە ناحەق وەکوو دۆینێ مامۆستا رەشید ئیشارەی فەرموو پێی دەڵێن سۆرانی، ئەو لەهجە بۆی خولقاوە، بۆی رەخساوە ببێتە بناخەیەك بۆ زمانی یەکگرتوو وەك عەرزم کردن زمانی یەکگرتوو لە لەهجەیەکەوە دەست پێ دەکات و تا بەوانی دیکە تۆکمە دەکرێ دەوڵەمەند دەکرێ و دەبێتە زمانی هەموان.

لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بەتایبەتی لە دوو بەشی کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور بزووتنەوەی کورد لە ئارادایە بە شێوەیەکی نەپساوە. ئەگەر لە یەکێکیاندا زەعیف بووە لەوی دیکەدا بەقوەت بووەو بە پێچەوانەش. لە هەردووکی ئەو دوو بەشەی کوردستان دا لە ناوەندەکەیە کە لە سەر یەك بەو لەهجەیە قسە دەکەن، لەهجەیەك کە پێی دەڵێین سۆرانی یا ناوە سەحیحەکەی پێی دەڵێین کرمانجی خوارو. لە بەر ئەوە خەڵك دەیهەوێ ئەو زمانە فێر بێ، بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ بۆ خۆی فێری دەبێ. ئەمن لە ژیانی خۆمدا لە ژیانی سیاسیی خۆمدا لە کوردستانی رۆژهەڵات گەڕاوم، زۆرم پێ سەیر بوو ساڵێکیان سێ مانگان لە بەشی باشووری کوردستانی رۆژهەڵات بووم. دیارە بەشێکی کەمی باشوور. بەشی هەرە زۆری هەر مەنتەقەی سنە بوو کەمێکیش کرماشان هی پیاوەکانم پێ سەیر نەبوو چونکی پیاو دەگەڕێن بەڵام دەچوومە هەر ماڵێك ژن و منداڵەکەش لە زمانی مە حاڵی دەبوون، بۆ؟ چونکە رادیۆیەکەی دەگرێ، چونکی سەعی دەکا رۆژنامەکەی دەست کەوێت، دەیهەوێ لە دەنگ و باسی مەڵبەندی دەسەڵات حاڵی بێ. رەنگە کەسیش پێی نەڵێ. بۆ خۆی دەیهەوێ. بەو شێوەیە ئەو زمانە بەرە بەرە نە بە زۆر نە بە فەرمان، بە ئیرادی یا بە نا ئیرادی بە ویستن یا بە نەویستن دەبێتە زمانێك کە هەموو قسەی پێ دەکەن. بەڵام بە بێ شك ئەو زمانە بە تەنێ کافی نیە ئەو زمانە دەبێ دەوڵەمەند بکرێ، دەبێ موتوربە بکرێ بە کەلیماتی جوان بە موستەلەحاتی جوان.

باسەکەمان ئەوەیە کە چۆن بکەین لە زمانی یەکگرتووی کوردی نیزیك بینەوە یا لە زمانی یەکگرتووی کوردی یا زمانی ستاندارد یا زمانی خوێندنەوەو نووسین. ئەمن پێم وابێ زمانی یەکگرتوو بەو مەعنایە لە هەموانیان دروست ترە. چونکی وا تێ دەگەم زمانی یەکگرتووی میللەتان هەتا هی کوردیش پێش ئەوەی خوێندنەوەو نووسین ئاوا گشتگیر ببێ دروست بووە. شێعرێکی فارسی هەیە فارسییەکەی ناخوێنمەوە، دەڵێ: یار لە ماڵێیە و ئێمە لە دەوری دونیا بۆی دەگەڕێین. ئیجازەم بدەن بڵێم ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە ئەوەی ئێستا پێی دەنووسین زمانی یەکگرتووی کوردە، زمانی کرمانجان نیە زمانی یەکگرتووی کوردە بە چ دەلیل؟ ئەوەڵەن وەکوو عەرزم کردن نیزیك بە دووسەد ساڵە بێ پسانەوە شێعرو ئەدەبیاتی پێ دەنووسرێ و ئێستا ئێمە ئەگەر وەسەر یەکی خەین بە دەیان ملوێن ئەگەر نەڵێم بە سەدان ملوێن لاپەڕەمان کەلەپووری کوردی بەو لەهجەیەو حەتا بەو خەتە کە خەتی دڵخوازیش رەنگە نەبێ هەیە پاشان ئەو لەهجەیە زمانێکە کە لە ٨٠ ساڵ زیاترە (با لە بەشێکی کوردستانیش بێ) بە رەسمی ناسراوە، پێی دەنووسرێ و پێی دەخوێندرێ. ئەو وەختەی زمانی کوردی بە رەسمی ناسرا( لە عێراقی و لە تەرەف دەوڵەتی عێراقەوە) و بەو لەهجەیە نووسرا، ئەو وەختە هیچ کەس نەیگوت بۆ ئەوە کوردی نیە ئەوە سلێمانیە ئەوە سۆرانیە یا ئەوە شارەزووریە. نەخێر زمانی کوردی بە رەسمی ناسراوەو بە وە دەنووسرێ. قسە لەوەی ناکەم ئەو لەهجەیە لەهجەیەکە باشە یا خراپە بەڵام لە هیچ زمانێکدا ئەو وەختەی یەکێك لە زاراوەکان دەبێتە بناغەی زمانی ستاندارد شەرت نیە باشترینیان بێ وە حەتمەن شەرتیش نیە هی زۆربە بێ چونکی دەرفەتێکە کە مێژوو دەیخولقێنێ دەنا مەعلوومە ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان بە ئیختیاری خۆمان زمانمان نەبێ وبڵێین ئەورۆ دروستی دەکەین مەعلوومە دەبێ کرمانجی ژوروو بێ چونکە کرمانجیی ژوروو هەر کرمانجیی ژوروو بە تەنێ ناڵێم سێ لە چوار، بەڵام لە نیوە حەتمەن زیاترە چونکی لەهجەکانی دیکە زۆرن ئێستا هەر لە باکووری کوردستان ئێمە غەیری کرمانجی ژوروو دەڵێن سێ دەڵێن چوار ملوێن زازامان هەیە. لەهجەکانی دیکە زۆرن. بەڵام لانی کەم لە نیوە زیاترن. بەڵام وا نیە، مێژوو هەلومەرجەکە دەخولقێنێ.

* * *

# مارف ئاغایی شاعیری خاك و ئازادی

رەسووڵ سوڵتانی

یەکێك لە شاعیرانی بەرەی دوای سوارە ئیلخانیزادە کە لە پێناو داهێنان و نوێ کردنەوەی شێعری کوردی دا وەك دەنگێکی دیاری نێو ئەدەبی ئەم دواییانەی کورد دیارو درەوشاوەیە، مارف ئاغاییە. ئەگەرچی مەرگ مەودای نەدا کە خەون و ئاواتەکانی وەدی بێن و وێنەی نیشتمانە خەمبارەکەی بە بزەیەکی گەشاوەوە ببینێ و تەمەنی ئەو بەفری بەر با و باران بوو "(بە با و باران / هەر عومری بەفر/ کەم دەبێتەوە)". بەڵام لەم ماوە کورتەی تەمەنی خۆیدا ئەوەی سەلماند کە ئەو لە کلاوڕۆژنەیەکی نوێوە لە جیهان دەڕوانێت. مارف لە شێعردا تەنیایەکی دڵ پڕ لە کوڵی نیشتمانە و بەردەوام کوڵی گریانێکی خەست لەگەڵ خۆی دەگێڕێ و لە هاوڕازێك دەگەڕێ ئەم کوڵی گریانەی لا هەڵ رێژێ، ئەم گریانە گریانی تاکێکی کوردە کە ئازاری نەتەوەیەکی لە کۆڵ ناوە. مارف لە شێعری تەنیادا ئاوا باس لە تەنیایی خۆی دەکا:

چەند رۆژێکە کوڵی گریانێکی
خەستم هەڵگرتوەو
هیچ دڵپڕێك
چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاوازو
هیچ بیسەرێك
چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شێعرو
هیچ خوێنەرێك
نادۆزمەوە
کە فرمێسك و ئاوازو شێعرم جێ
بێڵم.

**

شاعیر لەو شێعرەدا ئەگەرچی بە زمانی یەکەم کەسی تاك دەدوێ بەڵام لە راستیدا دەکرێ بڵێین ئەم دەنگە لە سنووری هاواری تاکەکەس دا نامێنێتەوەو ئەوە دەنگی نەتەوەیەکە، هاواری نیشتمانێکە، نەتەوەیەکی تەنیاو نیشتمانێکی تۆز لێ نیشتوو. نەتەوەیەك کە لە نێو قریوەقریوی جیهانێکی سامناك و لە زەنازەناو گرمەی تۆپ و بۆمبدا بە شوێنی بیسەرێك دا دەگەڕێ. لەم شێعرەدا چەند رەگەزێك کە وەك دەستەواژەی زاڵ کەشی شێعرەکەیان خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، دەتوانن جیهانی مانایی هەراوو کەوشەنی بەربڵاوی ئازارەکانمان بۆ وێنا بکەن.

"وشەکانی - (رۆژ و مانگ و ساڵ)" ئەم وشانە وەك ناسنامەو ئاوێنەی زەمەن ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە هەوڵی ئەم تەنیایە (شاعیر، نەتەوە یا نیشتمان) هەوڵێکی پچڕپچڕ نیە بەڵکو خەباتێکی بەردەوامە. بەرخودانێکی بێوچان و نەبڕاوەیە، لە پێناوی خۆ پێناسە کردن دا.

(گریان، ئاوازو شێعر) ئەم سێ رەگەزەش هەڵگری باری مانابییەکی بێ سنوورن بۆ بەرجەستە کردنی تاکێکی تەنیا کە لە سەرەتادا لە سنووری تەنیایی خۆیدا دەگری و گریان هێمایەکە بۆ گەڕانەوەی شاعیر بۆ نێو رۆح و دەروونی خۆی و مەودایەکیشە بۆ بیرکردنەوە لە بنەواشە و هۆکارەکانی تاك و تەریك کەوتنەوەو ناحەقی لێکراویی خۆی. شاعیر لە قۆناغی دوویەم دا دیارە گریانەکەی هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوەی، بووەتە هۆی وشیار بوونەوەو چاو کراوەیی ئەوی شاعیر. وشیاری و تێگەیشتنیش یەکەم پلیکانەی دەنگ هەڵبڕینە. ئەم دەنگ هەڵبڕینەش لێرەدا لە وشەی ئاوازدا خۆ دەنوێنێ. لەبەر ئەوەی هەتا دەنگ هەڵنەبڕی و بە دەنگ جیاوازییەکانی خۆت دەرنەبڕی کەس هەست بە بوونت ناکا. جگە لەوەش ئەگەر سەرنج بدرێتە ئاوازی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرانیش، هیچ ئاوازێك تەنانەت ئەگەر لاسایی‌کەرەوەیەکی باشی یەکتریش بن هێشتا جیاوازیی بەرچاویان پێکەوە هەیە.

بەڵام شاعیر لەم جیهانە تەنیایەی خۆیدا نە لە ئاستی نێوخۆیی و نە لە ئاستی دەرەکی دا کەسی دەست ناکەوێ کوڵی دڵی لا هەڵ رێژێ.

شێعری مارف، شێعری تەنیایی و فرمێسك و هاوارو خۆ پێناسە کردنەوەیە. شێعری خاك و نیشتمان خۆشەویستی‌یە. شاعیر خۆی بە تۆزو خۆڵی نیشتمان دەزانێ و ناتوانێ کۆچ بکات و نیشتمانەکەی لە تەمی خەم دا بهێڵێتەوەو هاوکات پەیامێکی گرینگتر لەم شێعرەدا بە گوێی داگیرکەردا دەخوێنێ و دەڵێ: ئەمن نشتمانم و نیشتمانیش من، ئەمن و خاك لێك جیا ناکرێینەوەو ئەوەش بڵێی و نەڵێی بیر پێشەوای شەهید قازی محەممەدم دەخاتەوە کە فەرمووی "ئەمن بەڵێنیم بە خاك و وڵاتەکەم داوە بە تەنیایان جێ نەهێڵم و لە نێو ئەواندا بمرم".

هەڵفڕین و ئاسمان کە بیر هێنەرەوەی ئازادین، لە زۆربەی شێعرەکانی مارف دا حوزوریان هەیەو دەسەڵاتی شاعیرانەی مارف بە سەر شێعردا جۆرێك ئەم وشانەی خستوەتە نێو پێکهاتەی شێعرییەوە کە رووداوێکی زمانیی پێ دروست کردوون و لایەنە تاکدەنگی‌یەکەی بەرەو فرەدەنگی هەراو کردوونەتەوە. ئەم هەڵفڕینەی کە باڵندەیەکی نێو قەفەز لە شێعری مارف دا بیری لێدەکاتەوە، لێك دەرەوەو راڤەکەری فەلسەفەی ژینە. ئەم وشانە، هەوێنی ئازادی و عیشق و ژیان لە شێعری مارف دا دەوڵەمەندتر دەکەن.



**ئازادی**

کام ئازادترین
من
یا
باڵندەی قەفەس؟
بستێکە بەینی
ئەو و رزگاریی
پەت و گەردنم.

**

دەڕۆم و دەمهەوێ بە ناخی رووداودا رەها بم / وەك باران لە نێو ئاسمان و زەویدا / دەڕۆم و دەمهەوێ کە لە نێو قامووسی مێژوودا / هەرەس و خیانەت / بدەمە دەستی با.

بە گشتی شاعیر لەو شاعیرە دەروەستانەی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی‌یە کە شێعرەکانی ئاوێنەی رۆح و روانینی ئەون بۆ نیشتمان و زۆر جاریش هەر لە روانین و قوڕگی خۆیەوە هاوارێکی گشتیین بۆ ئازادی.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 505 5 Mar 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# کۆتایی سەردەمی یەك نەتەوەو یەك زمان لە ئێراندا

قادر وریا

**(بە بیانووی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی)**

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو هەر بەم پێیە، فرەزمانیشە. بەڵام بێجگە لە زمانی فارسی کە زمانی نەتەوەی دەسەڵاتدارەو، بە رەسمی ناسراوەو لە ئاستی سەرانسەریدا پێی دەخوێندرێ، هیچ کام لە زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری وڵاتی ئێران، بە رەسمی نەناسراون و پێیان ناخوێندرێ. ئێستاش کە ئێستایە، بە میلیۆن منداڵی نەتەوە نافارسەکانی ئێران (کورد، ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و ...) لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن. یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە کە دەشێ یەکێك لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی هەر مرۆڤێك بێ، بۆ ئەو منداڵانەی لەو ساتەوە خوێندن و نووسین و قسەکردن بە زمانێکی جیاواز لە زمانی خۆیان بە سەردا دەسەپێندرێ، دەبێتە تاڵترین ساتی ژیان.

هیچ کەس ناتوانی نکۆڵی لە شوێنەوارە دەروونییە خراپەکانی داسەپانی زمانێکی دیکە بە سەر منداڵدا بۆ خوێندن و فێربوون بکا. بێبەشیی مرۆڤ لە فێربوون و خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆی و، ناچارکردنی بە خوێندن و نووسین و قسەکردن بە زمانێکی دیکە، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە نامۆ بوونی لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی و، توانەوە یا چوونە ژێر کاریگەریی شوناسێکی دیکە. ئەگەر لە زۆر شوێنی جیهان، منداڵانێك یا ئاخێوەرانی زمانێك بە هۆی دوورکەوتنەوەو دابڕان لە وڵات و نەتەوەی خۆیان و، جێگیر بوون لە نێو وڵاتان و میللەتانی دیکەدا، ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، لە هێندێك وڵات بۆ نموونە ئێران، تورکیەو سوریە، منداڵانی نەتەوە بندەستەکان بە ئەنقەست لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن دەکرین و، ناچار دەکرێن بە زمانی نەتەوەی باڵادەست (فارس، تورك و عەرەب) بخوێنن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە بندەستانە، کاتێك ئاوارەو پەڕیوەی وڵاتانێك دەبن کە لەوان دا مرۆڤ و مافەکانی ڕێزیان لێ دەگیرێ، سەرەڕای کەمیی ژمارەو، "پەنابەر" و "بێگانە" بوونیان، دەرەتانی فێربوون بە زمانی زگماکی بۆ منداڵەکانیان و پارێزگاری لە زمانی خۆیان بۆ پێك دێ. بەڵام لە وڵاتانی وەك ئێران، تورکیەو سوریە و لە سەر نیشتمانی هەزاران ساڵەی خۆیان ڕێگای خوێندن بە زمانی زگماکییان پێ نادرێ. نەتەوەی کورد کە خۆی و خاکەکەی بە سەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریەدا دابەش کراون، لەم بارەیەوە نموونەیەکی زۆر بەرچاوە. سەرەڕای ئەوەی نەتەوەیەکی چەندین میلیۆن کەسییە، هێشتا لە سێ وڵات لەم چوار وڵاتە، ئەو مافە سەرەتاییەی پێ ڕەوا نەبینراوە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ! لەم وڵاتانەدا بە ئەنقەست هەوڵ دەدرێ زمانی نەتەوەی کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە نێو بچن، بۆ ئەوەی لە نەتەوەیەکی جیاواز، بشۆرێنەوەو، لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێنەوە. ئەم سیاسەتە شۆڤێنیستییەش لە زانینی ئەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە زمان گرنگترین و بنەڕەتیترین پایەی شوناسی نەتەوەیەکەو، هەوڵدان بۆ ڕووخانی ئەم پایەیە، هەوڵدانێکی ئاگایانە و بەئەنقەست بۆ تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکان لە نێو نەتەوەی باڵادەست دایە.

فەلسەفەی سەرەکیی پەنابردنی ڕێژیمە شۆڤێنیستەکان بۆ بەکارهێنانی ستەمی نەتەوەیی و سەرکوتی زمانی نەتەوە بندەستەکانی وڵاتانی خۆیان، هێشتنەوەی باڵادەستیی یەك نەتەوە و یەك زمان و، پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی ئەرزیی وڵاتەکەیان بە قیمەتی تواندنەوەی نەتەوەو زمانە بندەستەکانی نێو وڵاتەکەیانە. بەڵام ئەو سیاسەتە کە دەیان ساڵە لە ئاستی جۆراوجۆردا هەزینەی بۆ دەدرێ، ئەگەر لە زیانگەیاندن بەو نەتەوەو زمانەشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووبێ، لە ئەسڵی مەبەستەکەی خۆیدا، هەر ناکام و تێکشکاو بووە. چونکە بەکردەوە بێجگە لە بێزاریی نەتەوە بندەستەکان لە ژیان و مانەوە لە چوارچێوەی ئەو جۆرە وڵاتانەداو، ڕەتکردنەوەی شوناسی داسەپاو، بەرهەمێکی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوە.

پێداگریی ڕۆژبەڕۆژی پەرەئەستێنی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە سەر پێویستیی خوێندن بە زمانی زگماکی و پارێزگاری لە زمانەکانیان، کە چەند ساڵێکە بە تایبەتی لە سەرو بەندی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا، خۆی دەنوێنێ، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە نەتەوە بندەستەکانی ئێران چی دیکە پشتگوێخرانی زمانی خۆیان تەحەممول ناکەن. ئەو کەمپەینانەی چەند ساڵێکە هەر جارەی هەزاران واژۆ بۆ پشتیوانی لە داوای خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێراندا، کۆ دەکەنەوە، ئەو ڕێوڕەسمانەی خوێندکارانی کورد، بەلووچ، ئازەربایجانی و... لە زانکۆکانی ئێران بە داکۆکی لە زمانی خۆیان پێکی دێنن، ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینانەی لە پێوەندی لەگەڵ سووکایەتی بە زمانی نەتەوە بندەستەکاندا، بەرەورووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە، هەموویان بەڵگەی بەرەوژوور چوونی شوعووری ئاگایی نەتەوەیی و نیشانەی سەرڕێژکردنی پیاڵەی سەبری نەتەوە بندەستەکانی ئێرانن. ئێران چی دیکە ناتوانێ وڵاتی یەك نەتەوە و یەك زمان بێ. ئێران وڵاتی چەند نەتەوەو چەند زمانەو، بەردەوامبوون لە سەر سیاسەتی ئینکاری ئەم ڕاستییە، لە جیاتی خزمەت بە یەکپارچەیی ئێران، خزمەت بە نەمانی ئەو یەکپارچەییە دەکا.

# نیگاری لاوێتیی " داوینچی" دۆزرایەوە



چاککردنەوە سیمای پیاوێکی لاو و تەمەن هەڵکشاو نیشان دا کە مووی درێژو ڕیشێکی تەنکی هەبوو و وادیارە کە بە قووڵی خەریکی بیرکردنەوەیە.

کارناسان ڕایانگەیاندوە کە یەکێك لە دەفتەرۆکەکانی لیوناردۆ داوینچی دا نیگارێك دۆزراوەتەوە کە لەوانەیە نێگارێك بێ کە ئەو لە خۆی کێشاوەتەوە.

ئەم نیگارە بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ لە ژێر دەسنووسێکدا بە شاراوەیی ماوەتەوە بەڵام سەرەنجام لە لایەن پیرۆ ئانجێلا، ڕۆژنامەنووسی بواری پرسە زانستییەکانەوە دۆزرایەوە.

دوای چەند مانگ هەوڵدان بۆ چاککردنەوەی ئەم نیگارە، وێنەیەك کە بە سوود وەرگرتن لەو میتۆدانەی لە لێکۆڵینەوەی تاوان دا بە کار دێن وەدەست هاتبوو بە چەشنێك گۆڕدرا کە کاریگەریی بەرەوژوور چوونی تەمەن لەودا دەردەکەوێ و دواتر لەگەڵ ئەو نیگارانەی لیوناردۆ داوینچی لە تەمەنگەلی ژوورتردا لە خۆی کێشابۆوە بەراورد کرا. ئاکامەکانی ئەم بەراوردە لە کاناڵی تلویزیۆنیی RAIی ئیتالیا نیشان درا.

پیرو ئانجیلا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئەو سەرەتا لە دەفتەرۆکەی "فڕینی باڵندەکان"دا هەستی بە شتێك لە شێوەی لوت لە ژێر نووسراوەکانی داوینچی دا کرد.

کاری تاقەتپڕووکێنی



ناسر ڕەزازی:

# لە جێژنی نەورۆزدا ئاڵبۆمێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسر ڕەزازی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە گۆرانی و سروود دەچڕێ لە جێژنی نەورۆزی ١٣٨٨دا نوێترین ئاڵبۆمی بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. لەم بارەیەوە ناوبراو بە سایتی "سبەی" ڕاگەیاند: کارەکانی ئاڵبۆمەکە کۆتایی پێ هاتوە. ئاڵبۆمەکە ناوی "ئێوارە"یەو ١٤ گۆرانیی لەخۆگرتوەو زۆربەی تێکست و میلۆدییەکان هی خۆیەتی و ئەو مۆزیکژەنانەی کاری دابەشکرنی مۆزیکییان بۆ بەرهەمەکانی کردوە بریتین لە: گۆران کامیل، ئارام محەممەد، فاروق باپیرو سەید ئەحمەد ڕواندزی. ئەم ئاڵبۆمە نوێیەی ناسر ڕەزازی لە لایەن کۆمپانیای "چوارچرا"وە بڵاو دەکرێتەوە.

# عەلی میری دوا ماڵاوایی کرد



عەلی میری دەورگێڕی لە مێژینەی تیاتر و سینەما کە هێندێك کەس بە "چەشەی سینەما"ی بەر لە شۆڕشی لە قەڵەم دەدەن، ڕۆژی دووشەممە ١٢ی ڕەشەمە لە تاران لە ڕێگای نەخۆشخانە دا کۆچی دوایی کرد.

ئەم هونەرمەندە ساڵی ١٣١٨ لە ڕەشت (یان وەك هێندێك کەس دەڵێن شەهسەوار) لە دایك بووەو بڕوانامەی دیپلۆمی هەبووە و لە کۆرسە ئازادەکانی هونەرپیشەیی لە کۆمەڵگەی باربدیش خوێندنی تەواو کردوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٤٣وە چالاکیی هونەری خۆی دەست پێ کردوەو تا سەردەمی شۆڕشی ٥٧ لە زیاتر لە ١١٠ فیلم دا وەك "چمدان سکس"، "عروس پا برهنه"، "شیطان در میزند"، "دیوار شیشه‌ای"، "به دادم برس رفیق"و "سرنوشت سازان" دەوری گێڕاوە.

عەلی میری دوای شۆڕش ڕێگەی پێنەدرا تێکۆشانی هونەریی خۆی لە ئێران درێژە پێبدا و ڕووی کردە تاراوگە.

## چاپکراوی نوێ




ناوی کتێب: گاوخوونی
نووسەر: جەعفەر مودەڕس سادقی
وەرگێڕ: خەبات ڕەسووڵی
بابەت: ڕۆمان
ناوەندی چاپ و وەشان: دەزگای موکریانی
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨

